# کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا

## توێژینەوەیەکی تیۆری شیکارییە

**پ.د. ئاسۆ ئیبراهیم عبدله**
زانکۆی سلێمانی-کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی کۆمەڵناسی
aso.abdullah@univsul.edu.iq

**م. شۆخان محمود حسێن، خوێندکاری دکتورا**
زانکۆی سلێمانی-کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی کاری کۆمەڵایەتی
shokhan.husain@univsul.edu.iq

**الخلاصه**

يتناول هذا البحث دراسه الصراعات السياسيه فی اقليم كوردستان العراق وتأثيرها على تكوين سمات الشخصيه الكورديه ما بين سـنوات ١٩٩١-٢٠٢١. اسـتعان الباحث بالمنهج الوصـفی التحليلی وذلك بهدف التعرف على مدى تأثير الصراعات السياسيه على تشكيل السمات (الثقافيه والاجتماعيه والنفسيه) فی الشخصيه الكورديه.

فمن خلال هذا البحث، توصل الباحث الى ان الصراعات السياسيه الداخليه فی اقليم كوردستان اثرت بشكل سلبی على المؤسـسـات الاجتماعيه، مما ادى الى عدم قدره هذه المؤسـسـات على تأديه دورها الرئيسـی فی عمليه التنشـئه الاجتماعيه السـياسـيه. وعلى هذا الاسـاس ظهر (اللامبالاه الاجتماعيه، خدمه المصـالح الشـخصـيه، اللامسـاواه، انعدام العداله، العنف الاجتماعی) كسـمات اجتماعيه فی الشـخصـيه الكورديه. وقد حصـلت تغيرات فی السـمات الثقافيه والسـياسـيه والمنظومه القيميه على مر المراحل التاريخيه المختلفه فی اقليم كوردسـتان العراق، مما ادى الى ظهور العديد من السـمات الثقافيه الجديده فی الشـخصـيه الكورديه منهم (اللامبالاه باالعناصـرالثقافيه و السـياسـيه، وكذالك ظعف الانتماء القومی). وكذلك اظهرت النتائج ان الـصراعات الـسيا سيه فی اقليم كورد ستان العراق على مدى الثلاثين سـنه الماظيه والتی هی على هيئه حلقه دائريه مدوره تدور فی المسـار ذاته، اثرت بشـكل سـلبی على الصـحه النفسـيه للافراد وانتقلت الاثار هذه من جيل الى جيل الاخر ای على مر الاجيال والازمان. ادى هذا الى تكوين العديد من السمات النفسـيه المختلفه فی الشـخصـيه الكورديه مثل (القلق، الحسـاسـيه، عدم التسـامح ، الاكتئاب، التشـاؤم، عدم الثقه، العدوانيه، حب الذات/الانانيه).



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**Abstract**

This research deals with the study of the political conflicts in Iraqi Kurdistan and their impact on the Traits of Kurdish personalities between the years 1991-2021. The researchers used the descriptive method in order to identify the impact of the political conflicts on the Traits of (cultural, social and psychological) characteristics in the Kurdish personality.

The researchers concluded that the interior political conflicts in the Iraqi Kurdistan had a negative impact on social institutions, which led to the inability of these institutions to play their main role in the process of political socialization. On this basis, (social indifference, serving personal interests, inequality, lack of justice, social violence) appeared as social Traits in the Kurdish personalities. There have been changes in the cultural and political cultural and the value system throughout the various historical stages in Iraqi Kurdistan, which led to the emergence of many new cultural Traits in the Kurdish personality, including (indifference to cultural and political elements, as well as weakness of national affiliation). The results also showed that the political conflicts in Iraqi Kurdistan over the past thirty years, which are in the form of a circular ring revolving in the same path, negatively affected the psychological health of individuals and these effects were transmitted from one generation to the next, over generations and times. This led to the formation of many different psychological Traits in the Kurdish personality such as (anxiety, understanding/ sensitivity, intolerance, depression, pessimism, mistrust, aggression, self-love/selfishness) .

## پێشەکی

ململانێ سیاسی بەرمەبنای ئامانج و ئامراز و جۆرەکانی، کاریگەری (ئەرێنی یان نەرێنی) لەسەر تاك و کۆمەڵ و کۆمەڵگا بەگشتی دروست دەکات، بەجۆرێك هەرململانێیەك بۆ ئامانج و مەبەستێکی بونیادنەرانەو پێشکەوتن و زیادکردنی خزمەتگوزاری و بەرجەستەکردنی دیموکراتی و یەکسانی کۆمەڵایەتی و تەواوکاری ئەنجام بدرێت و ئامرازو پێناوە مەدەنییەکانی وەك (پرۆژە، گفتوگۆ، دبلۆماسیەت، رەخنە...)ی تیا بەکاربهێنرێت، کاریگەری ئەرێنی لەسەر کۆمەڵگا دروست دەکات و زەمینە بۆ گەشەپێدان و پێشکەوتن و گۆڕانی کۆمەڵگە دەرەخسێنێت، لەبەرامبەریشدا ئەو ململانێیانەی کە بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی کەسی و حزبی و دەسەڵات و نفوزو ئەنجام دەدرێت و تیایدا بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەو نیشتمان دەکرێنە قوربانی وئامرازەکانی وەك (توندوتیژی، خیانەت، تیرۆر، هێزی چەکدار، چەواشەکاری..)تیا بەکاردەهێنرێت، جگە لەوەی کاریگەری نەرێنی لەسەر بونیادی کۆمەڵایەتی و سەرجەم سیستەمەکانی جێدەهێڵێت، لەهەمان کاتدا ناهاوسەنگی و تێکچون لە سیستەمی کەسێتی و سیماکانیشدا دروست دەکات.

لەگەڵ ئەوەشدا نکۆڵی لەوە ناکرێت، کەسیماکانی کەسێتی بەرهەمی چرکە ساتێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو دروستبوونی پرۆسەیەکی دورو درێژەو لەژێر کاریگەری کۆمەڵێك هۆکارو کەناڵی جیاواز دایە، هەروەك بەکۆی تیۆرەکانی کەسێتی (دەروونی، کۆمەڵایەتی، کولتور) ئاماژە بەدووجۆر هۆکاری سەرەکی لە بونیادنان وپێکهێنانی کەسێتی و سیماکاندا دەکەن، جۆری یەکەمیان هۆکاری ناوەکیە کە پەیوەندی بە پێکهاتەی (بۆماوە)وە و بایۆلۆژیەوە هەیە، دووەم هۆکاریش، خۆی لە هۆکارە دەرەکییەکان یاخود ژینگەییەکاندا دەبینێتەوە، کەپێکدێت لە سەرجەم



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

هۆکارەکانی وەك(ژینگەی ســـروشـــتی، ژینگەی کۆمەڵایەتی، کولتوری) (ابراهیم، ٢٠١٤: ٨٥-٨٧)، هەروەك عەلی وەردی دەڵێت: "دەتوانین بۆماوەو بایۆلۆژی بە مادەی خاو بچوێنین و هۆکارە کۆمەڵایەتیەکانیش بەو کارگانەی لەو مادە خاوانەوە شتومەك دروست دەکەن"(الوردی، ٢٠٠١: ٢٠)، بێگومان ململانێی سیاسی لە چوارچێوەی هۆکارە ژینگەییەکەدا خۆی دەبینێتەوە، بەجۆرێك ململانێی سیاسی لە باشوری کوردستان بەدرێژایی مێژوو کاریگەری ئەرێنی و نەرێنیان لەســـەر بونیادی کۆمەڵایەتی و ســـەرجەم ســـیســـتەمە جیاوازەکانی وەکو (کۆمەڵایەتی، کلتوری، دەروونی، ئابوری، سـیاسـی) جێهێشـتووە، هەریەکە لەم سـیسـتەمانەش ڕۆڵیان لە گۆڕین و پێکهێنانی سـیماکانی کەسـێتی کوردی دا هەبووە.

لەم توێژینەوەیەدا سود لە میتۆدی وە سفی شیکاری وەرگیراوە بە ئامانجی گەیشتن بە زانیاری ڕا ست و درو ست سەبارەت بە کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا پاشان هەوڵدراوە ڕاڤەو شیکاریی بۆ زانیارییەکان بکرێت، بەمەستی گەیشتن بە کۆمەڵێك ئەنجامی گرنگ سەبارەت بە ئامانج و مەبەستی توێژینەوەکە ، هاوکات توێژەر هەوڵی داوە دیدێکی ڕەخنەگرانە بۆ کاریگەریی ململانێ ســـیاســـی بە جیاوازی قۆناغە جیاوازەکانی مێژوویی لەسەر سیماکانی کەسێتی کوردی بخاتە ڕوو.

وشـــە کلیلیەکان: ململانێی ســـیاســـی، حزبی ســـیاســـی، کلتوری ســـیاســـی، دامەزراوەی کۆمەڵایەتی، پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی- سیاسی، هوشیاری کۆمەڵایەتی، سیمای کەسێتی

**باسی یەکەم / ڕەگەزە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە**

یەکەم / کێشەی توێژینەوەکە:- ململانێ یسیا سی لە هەرێمی کورد ستان ، لە پێناو (دە سەڵات و بەرژەوەندی و هێز و نفوز)دا وایکردووە کۆمەڵگەی کوردی لە نێو گێژاوی بێپلانی و بێ متمانیدا بژی و دەرفەتیش بۆ دەرکەوتنی چەندین قەیران وکێشـــەی کۆمەڵایەتی وکولتوری دەروونی و ئابوری و ســـیاســـی برەخســـێنێت، هەموو ئەمانەش کاریگەری نەرێنیان لەســـەر ســـیماکانی کەســـێتی کورد دروســـتکردوە.لەم پێناوەدا توێژەر کۆمەڵێك پرســـیار دەخاتە ڕوو تالەم توێژینەوەیەدا وەڵامی دروستی دەستکەوێت ئەوانیش بریتین لە :-

١- ئایا ململانێی سیاسی کاریگەری لەسەر کلتوری سیاسی هەبووە ؟
٢- ئایا ململانێی سیاسی کاریگەری لەسەر کۆدامەزراوەی بەها و پێوەر و ئاکار لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەبووە ؟
٣- ئایا ململانێی سیاسی درزی خستۆتە نێو دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانەوە؟
٤- ئایا ململانێی سیاسی کاریگەری لەسەر متمانە بەخۆبوونی تاکورد هەبووە ؟
٥- ئایا ململانێی سیاسی کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکۆمەڵایەتیەکان هەبووە ؟

**دووەم / گرنگی توێژینەوەکە: -** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، یەکەمین هەوڵی زانســـتی و ئەکادیمیە لەبواری کۆمەڵناسـیدا لەسـەر سـیما (کۆمەڵایەتی، کلتوری ، دەروونی) کەسـێتی کورد لەژێر کاریگەری ململانێی سـیاسـی و بارودۆخی نا سەقامگیری سیا سی و کۆمەڵایەتیدا لە هەرێمی کورد ستان ئەنجام درابێت، هاو شان گرنگیەکی تایبەتی

هەیە بۆ ئەو کەســـانەی لە بواری کۆمەڵناســـی ســـیاســـیدا کاردەکەن و هانیان دەدات تاوەکو توێژینەوەی زیاتر لەم بارەیەوە ئەنجام بدەن ، بەتایبەتی بۆ یەکەمجارە بە زمانی کوردی توێژینەوەی لەم جۆرە ئەنجام دەدرێت، هەروەها زیاد کردنێکە بۆ کتێبخانەی کوردی.

**سێیەم / ئامانجی توێژینەوەکە:-** ئامانجی گشتی ئەم توێژینەوەیە ئا شنابوونە بە کاریگەری ململانێی سیا سی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا، لەگەڵ گەیشتن بەچەندین ئامانجی لقی تر وەك:-

١-زانینی کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای کۆمەڵایەتی لە کەسێتی کورددا.

٢-زانینی کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای کولتوری لە کەسێتی کورددا.

٣-زانینی کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای دەروونی لە کەسێتی کورددا.

٤-زانینی کاریگەری ململانێی سیاسی لەسەر ئەرکی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان.

**باسی دووەهەم / پێناسەکردنی چەمك و زاراوە زانستییەکان**

**پێناسەکردنی چەمك و زاراوە زانستیەکان**

یەکەم/ ململانێ :- لێرەدا بەگرنگی دەزانین پێناسەی چەند زانایەکی جیاواز لە بواری کۆمەڵناسیدا بخەینە ڕوو:-

(ئیبن خەلـدون) ململانێ بە پرۆســـەیەکی دیـالێکتیکی دەزانێـت، چونکە هەرقۆنـاغێکی نوێ بەهۆی ململانێی دژبەیەکەکان لە قۆناغی پێشـــوو ســـەرهەڵدەدات، هۆکاری ئەوەشـــی گەڕاندۆتەوە بۆ ئارەزووی باڵادەســـتبوون و دەمارگیری هۆزایەتی دەوارنشینان و لاوازی لای شار نشینەکان، کە لەکۆتایدا دەوار نشینەکان بە سەر شارنشینەکاندا ســەر ئەکەون (عمر،١٩٨٢: ١٣). لەلایەکی دیکەوە (هیگڵ) ململانێ بە جەوهەری دیاردەکان و هۆکاری ســەرەکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەزانێت، بە بڕوای ئەو سەرلەبەری مێژوو بریتیە لە گۆڕەپانی ململانێکان و ئەو جێگایانەش کە ململانێ و جەنگ تیایدا ڕوونەدات لە پەراوێزی مێژوودا ئەمێننەوە، لەو بارەیەشـــەوە دەڵێت:" ئەو گەلەی لە مەرگ ئەترســێت و پێ باشــە وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەبێتە کۆیلە و ســەربەخۆیی لە دەســت دەدات "(النجار، ٢٠٠٤: ١٧٩). هەروەها (کارل مارکس) ، پێی وایە ململانێ پرۆسـەیەکی دیالێکتیکی حەتمیە لەئەنجامی نایەکسـانی لە دابەشـکردنی سـەرچاوەکانی ئابوری و داهات لە نێوان چینی بۆرژواز و پرۆلیتاردا ڕوودەدات. (القصبی، ٢٠٠٦: ١٧).

(مانهایم) دەڵێت "ململانێ بریتیە لە دیاردەیەکی هزری و دژبەیەك کە دەکرێت پشــتی پێ ببەســترێت بۆ دیاردەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی" واتە بە بڕوای ئەو هیچ گۆڕانێك نیە بێ ململانێ هیچ ململانێیەکیش نیە بێ بەریەکەوتنی هزرو هێزومەبدەئەکان لە نێوان توێژ و گروپەکاندا (حەســـەن،٢٠١٠: ١٦٨). (رایت مێلز): بە براوی میلز ململانێ "بریتییە لەو پرۆ سەیەی کە لە نێوان خاوەن هێز وەدە سەڵات و پۆ ستە باڵاکان لە لایەك و هاوڵاتیان لە لایەکی دیکەدا ڕوودەدات کە ئەوەی دووەمیان خاوەنی هیچ هێز و دەســـەڵاتێك نین، خاوەن هێز بە هەمووشـــێوەیەك ڕێگە لەوانی تر دەگرێت بۆ گەیشتن بەم پێگانە زۆر جار ململانێکەش لە بەرژەوەندی خاوەن هێز و دەسەڵاتەکان کۆتاییان دێت"(زاید،٢٠٠٩: ٢٢٥).

لویس کوزەر: پێناســەی ململانێ دەکات بەو پرۆســەیەی کە لەنێوان تاکەکان و گروپەکان، یان لە نێوان ئەندامانی یەك گروپدا ڕوودەدات، لەپێناو بەدەســت هێنانی هێز و پێگە ودەســەڵاتدا ،لەئەنجامدا گاریگەریی ئەرێنی بۆســەر پەیوەندییەکان لە ناوخۆدا دەبێت. (Coser,1956: 76).

پێناسەی ڕێکاری بەپشتبەستن بەو پێناسانەی کە خرانەڕوو دەکریت پێناسەی ململانێ بکەین بە پرۆسەیەکی حەتمی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا کە بەهۆی کێبڕکێی توند لەنێوان تاك و گروپە جیاوازەکان و لەئەنجامی بەرژەوەندی و ئامانجی جیاوازەوە دروست دەبێت، کە هەریەکە لە لایەنە ناکۆکەکانیش هەموو ئامرازێك بۆ دورخستنەوەوسەرکەوتن و لەناوبردنی لایەنی بەرامبەر دەگرنەبەر.

دووەم / ململانێی سیاسی:- فەرمانگەی مەعاریفی کۆمەڵایەتی، ململانێی سیاسی بە هەڵوێستێکی ڕکەبەریانەی تایبەت ناساندوە،کە لایەنێك یاخود چەند لایەنێك بەهۆی نەگونجانیان لە بارەی هەڵوێستێك یان پرسێکی ئایندە لەدژی یەکتری ئەنجامی دەدەن(رشوان،٢٠٠٢: ٢٤٨).

لەلایەکی دیکەوە پەیمانگای هیدلبێرگ* پێناسەی ململانێی سیاسیان کردوە بە ململانێی بەرژەوەندی یاخود ناکۆکی هەڵوێستە لەسەر بەها نیشتمانیەکان لەماوەیەکی دیاریکراودا، لەسەر ئەم بنەمایە دوو گروپ یان دوو دەوڵەت لەنێودەسەڵاتدا دژایەتی یەکتر دەکەن هەریەکەشیان پارێزگاری لە بەرژەوەندی و ئامانجەکانی خۆی دەکات (بلعربی، ٢٠١٣: ٣٢).

تۆم بۆتۆمۆر: ململانێ سیا سیەکان بە ئامرازێکی گرنگ بۆ گۆڕانکاری هەژمار دەکات ، سەرەڕای جیاوازیان لە رووی هێز و شێوەو قەبارەو سروشتیانەوە، هەروەك ئەوەی هەندێکیان بەشێوەی (کتوپر یان پلەبەپلەو لەسەرخۆ)،یان بەشێوەی (ئاشتی، توندوتیژی و هێز)ڕوودەدەن (بوتومور،١٩٨٠: ١١٤).

ململانێی سیاسی، پرۆسەیەکی رکەبەریانەی سیاسییە، کە لە ئەنجامی ناکۆکی نێوان (فەرمانڕەواو گەل، ئەندامانی حزبێکی سیاسی یان نێوان دوو حزبی سیاسی، هەروەها حزبی سیاسی و فەرمانڕەوا) لە ئەنجامدا کاریگەریی لەسەرجەم سێکتەرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیماکانی کەسێتی کورد جێدەهێڵێت.

سێهەم / کەسێتی:- پێکهاتەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتیە کەلە کۆمەڵێك سیماو ڕەفتاری دیار و نادیار پێکدێت و مەیلی خۆگونجاندنی هەیە لەگەڵ کولتورو باری ڕۆشنبیری کۆمەڵگاکە (بەرزنجی،٢٠٠٠،ل٢٤٥). لەلایەکی دیکەوە کەسێتی کۆی پاڵنەرە بۆماوەیی و وەرگیراوەکان لەخۆدەگرێت، کە کەسێك لە کەسێکی دیکە جیا دەکەنەوە، بۆماوەییەکان بۆهێڵی سەر کرۆمۆسۆمەکان دیاری دەکەن، وەرگیراوەکانیش تەواوی داب و نەریت و بەهاو بیروباوەڕو ئا مادە باشییە کانی تاك دەگرێتەوە کەلە ڕێگەی پرۆسەیپێگە یا ندنی کۆمەڵایەتیەوە وەریان دەگرێت(القاسم واخرون،٢٠٠١، ص١٣٣-١٣٤)،. بەواتایەکی تر دەکرێت بوترێت بارودۆخی کۆمەڵایەتی مرۆڤ هۆکارێکی گرنگە، کەسێتی

*پەیمانگای توێژینەوەی زانستی سەربە زانکۆی ئەڵمانیە، کە لەساڵی ١٩٩١ەوە توێژینەوەکانی تایبەتە کردووە بە شیکردنەوەی ململانێ سیاسیە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان لە جیهاندا . Heidelberg Institute For International Conflict Research .

تیایدا گەشــە دەکات کە ئەوانیش خۆیان لە (زمان، نەریت، بەها، دین، ئایدۆلۆژیا، زانســـت و زانیاری، پەروەردە و فێرکردن ،...)دا دەبینەوە (شاملۆ، ٢٠١٩،ل٢٣٤).

هەربۆیە دەتوانین بڵێین کەسێتی لەگەڵ هەر ئەزمونێکدا دروست دەبێت و بەبەردەوامی دەگۆڕێت.

چوارەم / سیما: چەمکێکی ئەبستراکتی هەیە، واتە لەڕێگەی تێبینی کردنی ڕەفتارەکانی مرۆڤەوە درکی پێدەکرێت، وەك (ترسنۆکی، شەرانگێزی، برزەفتکردن، سادەیی، نیانی، سەرکێشی، ساختەچێتی،بەگومان،...هتد). (شەمس ،٢٠١٨، ص١٢-١٣).

شـارەزایانی بواری دەروونناسـی، بەپێی تێڕوانین و جیاوازی تیورەکان چەندین پێناسـەی جۆراوجۆریان بۆ چەمکی سیما کردووە، دەکرێت بڵێین تاڕادەیەك لە یەك جیاوازن هەربۆیە بەگرنگی دەزانین هەندێك لەو پێنا سانە بخەینە ڕوو لەوانە:-

پێناســەی جلفۆرد(Guilford) بۆ ســیما،خاســیەتەکانی تاك دەگرێتەوە، کەبە بەردەوامییەکی ڕێژەیی ناســراوەو بەشـــدارە لە وەســفکردنی کەســێتی تاکە جیاوازەکاندا بەپلەی جیاواز، هاوکات پێی وایە کە ســیما کۆمەڵێك تایبەتمەندییە لای زۆربەی ئەو تاکانەی کە یەك کلتوری هاوبەشیان هەیە، هەروەها سیما بۆسێ جۆری سەرەکی دابەش دەکات لەوانە سیمای (ڕەفتاری، فسیۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی).). (Guilford,1959, p 5-6).

زانای ئەمریکی بەڕەچەڵك بەریتانی کاتل (Cattell)، ســیما بەیەکێك لە بونیادی دەروونی دائەنێت کەلە تێبینی کردنی ڕەفتاری تایبەتی مرۆڤەوە هەڵدەهێنجرێت و بەرپرســیاری یەکەمی ئەو ڕەفتارەیە، یان بە واتایەکی دیکە بە کۆمەڵێك کاردانەوەو وەڵامدانەوەپێناسەی دەکات، کە جۆرە یەکەیەك پێکەوەیان دەبەستێتەوە(المیلادی ،٢٠٠٦ ،ص٣٢-٣٣)، پاشـان دەروونناسـی ئەڵمانی ئایزنك (Eysenck ،سـیما بە کۆمەڵێك چالاکی ڕەفتاری دەناسـێنێت، یان (کۆمەڵێکی هەســتپێکراوە لە مەیلە تاکگەراییەکانی کرداری مرۆڤ) کە پێکەوە دەگۆڕێن و ئەمەش پەیوەســـت دەکاتەوە بە خونەریتی تاك و چالاکیە دووبارەکانی کە بەشـــێوەیەکی ڕێژەیی جێگیرە و لە ڕەفتاری تاکدا تێبینی دەکرێن، هاوکات ئـامـاژە بەوە دەکـات ئەوەی کە ئەبێتە هۆی دیـاریکردنی ســـیمـا هۆکـاری وەرگیراو ، بۆمـاوەیین پێکەوە. (Eysenk,1970,p10).

ئەلپۆرت (Alport)، دەڵێت سیما بریتیە لە خاسیەتی دەروونی و دەمارگیری و واقعیەکان، کە گوزارشت لە ڕەفتاری تاکەکان دەکەن، ئەمەش بەو واتایە دێت کە هەموو ســیماکان ناکرێت لەیەك جیابکرێنەو بەڵکو هەمویان تەواوکەری یەکترین وەك یەکەیەکی سەرەکین بۆ وەسفکردنی کەسێتی (القاسم واخرون ، ٢٠٠١،ص١٣٦).

هەربۆیە لێرەوە دەگەینە ئەوەی پێنا سەی خۆمان بۆ چەمکی سیما بکەین، بە کۆمەڵێك سیفاتی وەرگیراو، بەهۆی بوونی ئەو ململانێ ســیاســیانەی لەســەردەمانێکی زووەوە بەرلەئێســتاوە تاوەکو ئێســتا ڕوویان داوەو تائێســتاش ڕوودەدەن، ڕەنگ دانەوەی هەبووە لەسـەر سیماکانی کەسێتی تاکی کورد، جۆرێك لە تایبەتمەندی بۆ دروسـتکردون و جیاکردنەتەوە لە تاکەکانی کۆمەڵگەیەکی تر.

**باسی سێهەم/ کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا**

**یەکەم / کاریگەریی ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیمای کلتوری لەکەسێتی کورددا:**

کولتوور - کولتووری سیاسی

کولتوور، یەکێکە لەو دیاردە کۆمەڵایەتی –مێژوویی – ئیتنیکیانەی کۆمەڵگا، کە تابڵێی گەورەو ئاڵۆزە، پێش هەموو شتێك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، چونکە کۆمەڵگاو کولتوور پێکەوە دروست دەبن ، هەر کۆمەڵبوونێکی خەڵك کولتوری تایبەت بەخۆی نەبێت، بونیادی کۆمەڵایەتیشی نابێت و نابێتە کۆمەڵگا، لەلایەکی دیکەشەوە کولتور دیاردەیەکی مێژووییە واتە مێژوویەکی هاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵگادا هەیە ، هەرقۆناغێکی مێژوویی کولتوری تایبەت بە خۆی هەیە واتە کلتور سیمای قۆناغە مێژووییەکانی پێوەدیارە(میران، ٢٠١٠: ٦٣). هاوکات کلتوری سیاسیش دابڕاو نیە لە چوارچێوەگشتیەکەی کولتور و کولتوری کۆمەڵایەتی بەڵکو بەشێکە لێی، هەروەك چۆن کولتوری سیاسی دەکەوێتە ژێرکاریگەری بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە، ئەوا بێشك کولتوری سیاسیش دەتوانێت کاریگەری لە سەر کولتوری کۆمەڵایەتی دروست بکات، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە پەیوەندیەکی دیالەکتیکی لە نێوان کولتور و کولتوری سیاسیدا هەیە(ئەحمەد، ٢٠١٥: ١١)؛(فوئاد سدیق، ٢٠١٥: ٥٨) ، هەربۆیە ئەوەی ئێمە مەبەستمانە بیخەینە ڕوو کاریگەری گۆڕانی کولتوری سیاسیە لەسەر گۆڕانی ڕەگەزەکانی کولتوری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستاندا.

بەرمەبنای ئەو ڕاستیەش لە هەرێمی کوردستان شوێنەواری ململانێ و ناسەقامگیرییە سیاسیەکانی بەجیاوازی قۆناغە مێژوویەکان کاریگەرییان لەسەر کولتوری سیاسی جێهێشتوە، بەجۆرێك بەدرێژایی مێژوو داگیرکەرانی کوردستان، هەموو جۆرە سیاسەت و ڕەفتارێکی دوژمنکارانەیان بەرامبەر بە کۆمەڵگای کوردی بەکارهێناوە، لەژێر کاریگەری ئەم بارودۆخەشدا، لەلایەکەوە کولتوری ڕووبەڕووبوونەوەو شۆڕش و بەرخودان لەناو کۆمەڵگای کوردیدا سەری هەڵداوەو گیانی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازی و کوردایەتی بووە بە سیمای کەسێتی کورد، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی زوڵم و ستەمی ئەو هێزو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان داگیرکردووە، کولتوری (ترس لەدەسەڵات، پاشکۆبوون(گوێڕایەڵ)، کەم بڕوای بە شکۆمەندی خود، لاوازی بەشداریکردنی سیاسی، ڕێگەنەدان بە دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن ،...هتد) لەکۆمەڵگەی کوردیدا سەری هەڵداوە(ئەحمەد، ٢٠١٩: ٧٦) ئەم کولتورانەش چەندین سیمای وەکو (توندڕەوی، خۆسەپێن(دیکتاتۆر)، بەرژەوەندی خوازی،...هتد) بۆ کەسێتی کورد چەسپاندوە، لەڕێگەی پرۆسەی پێگەیاندی کۆمەڵایەتی –سیاسیەوە بەهۆی کەناڵە جیاوازەکانی وەك(خێزان، ناوەندەکانی پەروەردەو فێرکردن، هۆیەکانی ڕاگەیاندن، حزبە سیاسیەکان) بۆ کەسێیتی کورد گوازراوەتەوەو دووبارە جۆرێك لە کولتورو کولتوری سیاسی دروستکردوە کە بەردەوامی دەداتە ململانێ سیاسیە (ناوخۆیی، دەرەکیی)ەکانی باشوری کوردستان هەروەك ئەوەی کە لەنێو بازنەیەکی سوڕاوەدا خول دەخوات.

هاوکات ململانێی نێوان حزبە سیاسیەکان لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ و یەکەمین حکومڕانی کوردیدا، کاریگەری ریشەییان لەسەر کولتورو کولتوری سیاسی و پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و سیماکانی کەسێتی کورد دروست کردووە، بەتایبەتیش لەژێر کاریگەری بەرژەوەندی تایبەتی لایەنە ململانێکارەکانداو هەوڵدانیان بۆ

بەدەستهێنانی هێزو نفوزو دەسەڵات، بەجیاوازی قۆناغە مێژووییەكان ململانێ سیاسییەكان چەندین ئەنجامی نەرێنییان بۆ كۆمەڵگە لێكەوتەوەو دەرچەی بۆ دەركەوتنی چەندین دیاردەی وەك (ناشەفافیەت لە پرسە سیاسی و ئابوریەكان، پێشێلكاری و یاساشكێنی، ساختەكردن لە ئەنجامی هەڵبژاردن، خزم خزمێنە، دەسەڵاتخوازی و بەرژەوەندی خوازی، بەكارهێنانی هێزو دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی حزبی و تایبەت ،...هتد) كردەوە، هەموو ئەمانەش جگەلەوەی زەمینەیان بۆ دروستكردنی قەیرانی (كۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی، كارگێڕی...هتد) رەخساند، لەهەمانكاتدا بوونتە هۆكارێك بۆ بەرهەمهێنانی كولتوری"(بەرهەمخۆری، مشەخۆری، هەلپەرستی، كەسپەرستی، بەرژەوەندی خوازی، ڕۆڵگەرایی) و لە بەرامبەردا كولتوری (بەرهەمهێنان، خۆماندووكردن، بەهەند وەرگرتن، خوێندن و پێشكەوتنی مەعریفی) لاواز بووە"(محمد، ٢٠١٩: ١٣٤).

پاشان بەردەوامی ململانێ و قەیرانەكان هۆكاربوو بۆ دەركەوتنی حزبە ئۆپۆزسیۆنەكان لە دوای ساڵی ٢٠٠٨ەوە كە مۆدێلێكی نوێی لە ململانێی سیاسی لە كوردستاندا دروستكرد، لە چوارچێوەی خەباتی مەدەنی و بزوتنەوەی جەماوەریدا مللانێی حزبە دەسەلاتدارەكانیان كردوە ، رۆڵی كاریگەرو هەستپێكراویان لە پرۆسەی هوشیاری سیاسیدا گێڕا، بەجۆرێك تاكەكانی كۆمەڵگای كوردی هۆشیاری و شارەزایی ورد یان لە بارەی ئاستی خۆسەپێنی و بەرژەوەندیخوازی حزبەكان و گەندەڵی و نادادپەروەری و سەروەرنەبوونی یاسا لە هەرێمی كوردستاندا پەیدا كردوە و رۆڵی كاریگەری لە گەشەدان بە كولتوری بەرپەرچ دانەوەو ڕەخنەگرتن هەبووە ،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیان توانیوە ئامانجەكانیان لەگۆڕانی كۆمەڵایەتی و چاكسازی و دورخستنەوەی حزبە دەسەڵاتدارەكان لە دەسەڵات بەدەستبهێنن ، لەبەرئەوەی حزبە دەسەڵاتدارەكان لەپێناوی مانەوەی خۆیاندا لەدەسەڵات پشتگیری و هاوپەیمانی یەكتربوون، هەرئەمەش وایكردوە دۆخی سیاسی باشووری كوردستان بەچەقبەستوویی بمێنێتەوەو ئەم دۆخەش سیمای نائومێد و نامۆی سیاسی بۆكەسێتی كوردد دروستكردوە.

بێگومان جگە لەو گۆڕانكاریانەی بە هۆی كرانەوەی كۆمەڵگەی كوردی بە ڕووی جیهاندا و وەك دەرئەنجامێك بۆ دیاردەی بە جیهانیبوون لەكولتوری كوردیدا ڕوویداوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو گۆڕانكاریانەی بەجیاوازی قۆناغەكان لەكلتوری سیاسیدا لە باشوری كوردستان ڕوویداوە، هەروەك لەپێشەوە باسمان كرد، بەگشتی هۆكارێك بووە بۆ تێكچوونی ڕەگەزەكانی كولتور بەگشتی و بە تایبەتیش كۆدامەزراوەی بەهاكان تاڕادەیەك تێكچوون و رووبەڕووی شەپۆلێكی فراوانی گۆڕان و شێواندن بۆتەوە، ئەوگۆڕانانەش لە بەهاكاندا كاریگەرییان لەسەر سیماكانی كەسێتی كوردی بەجێهێشتوە(حەسەن،٢٠٢٠: ١٥٢-١٥٣). بەجۆرێك بەها رەسەنەكانی وەك(هاوكاری، بەخشندەیی، دەستپاكی، داوێن پاكی، ڕاستگۆیی ،چاكەكاری، دەست و دڵكراوە، نهێنی پارێز، ڕێزو خۆشەویستی،...هتد) بونەتە قوربانی ململانێ سیاسیەكان و لەجیاتیان كۆمەڵێك رەفتارو بەهای وەك(خیانەت، دیلكوشتن، داگیركردن، تاڵانی، ڕاوەدونان و دەركردنی خێزانی ڕكابەری سیاسی، هەڵكوتانە سەر خەڵك، بێسەروشوێنكردن، خۆدەوڵەمەند كردن، گوێ نەدان بە ئازارو داخوازی خەڵكی، بێمنەتی لە خەڵك و ڕێزدانەنان بۆ قوربانیەكان، تێكچونی پەیوەندیەكان، بێئەرزش بوونی پیرۆزییەكان...هتد) دەركەوتووە (شریف، ٢٠٠٧: ١٩٢)؛(میران، ٢٠١٠: ١٠٣) .

لەوبارەیەوە(حســین) لە کتێبەکەی (الذات الکردیە)دا ئاماژە بەوە دەکات، کۆمەڵگەی کوردی رووبەرووی جۆرێك لە "ئایدزی کۆمەڵایەتی "بووەتەوەو توانای بەرگریکردنی(کولتور) بەهاو داب ونەریتی خۆی لەدەســتداوە، هەربۆیە بەشــێکی زۆر لەو بەهاو کولتورە نامۆیانەی لەدەوڵەتانی ترەوە بەهۆی جیهانگیرییەوە دێت، بەئاســانی تێکەڵ بە کۆمەڵگەی کوردی بون و تاڕادەیەکی زۆر جێگەی بەهاو کلتورە رەسەنەکانیان گرتۆتەوە(حسین، ٢٠١٦: ١٢٤).

هەروەهـا مەریوان وریـا قـانع، ئـامـاژە بەوە دەکـات کە کۆمەڵگەی کوردی لەدوای راپەڕین و لەژێر کـاریگەری ململانێکاندا روبەڕووی "شـڵەژانی پێوانەیی" بووەتەوە، کە خۆی لە گۆڕانی خێراو ڕیشـەیی لە(سـیسـتەمی بەهاکان، ئەخلاق، هەڵســوکەوتی کۆمەڵایەتی، پەیوەنـدی کۆمەڵایەتی، فۆرمەکـانی ژنبوون و پیـاوبوون، هەژاری و دەوڵەمەنـدی...)، دەبینێتەوەو بەهۆیەوە کۆمەڵگەی کوردی روبەڕوی هەرەس و داڕمـانی کۆمەڵایەتی بووەتەوەو سیستەمی بەهاکان زیانی گەورەی بەرکەوتووە(قانع، ٢٠١٨: ٥٥-٥٨). بەبڕوای شارەزایان هەموو ئەمانەش زەمینەیان بۆ (نامۆیی کلتوری) رەخســاندووە، بەجۆرێك نەوەیەکی رەشــبین و بێ متمانەو یاخی بەرامبەر بە بەهاو کلتورو داب و نەریتی کۆمەڵگـاو پێوەرو رەفتـارەکان درووســت بووە، کە خۆی لەبەردەم ئەوپەڕی بێـدەســەڵاتی و بێ هیوایدا دەبینێتەوە، بۆ دەربازبوون لەو بارودۆخە تەنها کۆچ و بەجێهێشتنی وڵات بەچارەسەر دەزانێت(عبداللە،٢٠١٠: ٣٧).

بەردەوامی ململانێ نێوخۆییەکانی نێوان حزبەکان، بووەتە هۆی دابەش بوونی هەرێمی کوردســتان بۆ چەند زۆنێکی دەســەڵاتی جیاواز کە کاریگەری لەســەر دیالکتیك و زمانی یەکگرتوو دروســتکردووەو بووەتە بەربەســت لە بەردەم پێکهێنانی زمانێکی یەکگرتووی کوردی کە هەموو ناوچەکان لە پرۆســەی خوێندندا بەکاری بهێنن، هەرئەمەش وایکردووە کە مەودای جیاوازی نێوان دیالێکتەکان فراوانتربێت، بەجۆرێك لە ناوچەکانی بادینان، دیالێکتی کرمانجی باکورو لەناوچەکانی سۆرانیش کرمانجی ناوەراست بۆ نوسین و ئاخاوتن بەکاردەهێنن. هاوکات بەردەوامی ململانێی نێوان حزبەکان بۆتە هۆی ئەوەی چەمك و زاراوەکانیش بە سـیاسـی بکرێن وەکو (ئافرەتان، ژنان، خوشـکان، قوتابی، خوێندکار،فێرخۆاز، مەڵبەند، لق، مەکۆ، بازنە، ناوچە، کۆمیتە، ڕایەل...هتد) (محمد، ٢٠١٩: ١٢٦). ســەرەڕای ئەوەش ڕێگری لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەنێوان خەڵکی ئەو دوو زۆنەدا دروست کردوە، تەنانەت ئەو لێکدابڕانی کۆمەڵایەتی و کلتورییەش چۆتە نێو چینی هونەرمەند و ڕۆشنبیرانیشەوە، لە کاری هونەریشدا هونەرمەندانی ئەو دووزۆنە تێکەڵ بەیەکتری نابن، ئەم کاریگەرییە تانوسینی ئەم توێژینەوەیەش هەر بەردەوامە.

هاوکات بەردەوامی و چەقبەستویی ململانێی نێوان حزبە سیاسیەکان، کاریگەری و شوێنەواری لەسەر تێڕوانین و ئەندێشـەی چینی رۆشـنبیرو ئەدیبانیش جێهێشـتووە، بەجۆێك چ لە قۆناغی شـۆڕشـی شـاخ و چ لە دوای راپەرێن و پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردســتان، ســەرەڕای ئەوەی بەشــێك لەم توێژە زیندوە نەیتوانیوە بە ئاڕاستەی ئەرێنی و چارە سەرکردنی ململانێی نێوان حزبەکان هەنگاو بنێن، بەڵکو خۆ شیان بونەتە ئامرازو کارەکتەری ململانێکان و لە رێگەی وتاری زبرو هۆنراوەی هەجووەوە، هێندەی تر ململانێکانیان توندتر کردۆتەوە (حاجی شــەریف، ٢٠٢٠: ٢٨٢-٢٨٣).

**دووەم / کاریگەریی ململانێی سیاسی لەپێکهێنانی سیمای کۆمەڵایەتی لەکەسێتی کورددا:**

مرۆڤ بەرهەمی کۆمەڵگاییە لەدەرەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی ناتوانێت وەك مرۆڤێکی ئاسایی بژی، لەرێگەی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان و دەوروبەرەوە پرۆسەی وەرگرتنی بیروڕاو هەڵس و کەوت و کولتور وەردەگرێت و فێر دەبێت (صابر، ٢٠١٧: ٣٨)و کەسێتی و سیماکانی دروست دەبێت. جێگەی باسە ململانێ سیاسیەکان لە کوردستاندا زەمینەیان بۆ سەرهەڵدانی ناسەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕەخساندووە و ئەنجامەکەشی تێکچوونی گرنگترین وەزیفەی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان کە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسیە لێکەوتۆتەوە، هەروەك لەخوارەوە بەکورتی ئاماژەی پێدەدەین:-

پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی – سیاسی:- پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان ئەرکی سەرەکیان گواستنەوەی ڕەگەزەکانی کولتورە لە رێگەی سەرجەم کەناڵە جیاوازەکانی وەکو(خێزان، پەروەردەو فێرکردن، ئاین، حزبە سیاسیەکان، ڕاگەیاندن، کۆمەڵگای مەدەنی)، ئەم دامەزراوانە بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەری ململانێ سیاسیەکاندا بوون، دەرئەنجامی ئەمەش کۆمەڵێك سیمای نوێیان بۆ کەسێتی کوردی دروستکردوە هەربۆیە بەگرنگی دەزانین تیشکێك بخەینە سەر ئەرکی کەناڵەکانی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی-سیاسی لەژێر کاریگەری ململانێی سیاسیدا.

دەستپێك و وێستگەی یەکەمی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی، لەسەرجەم کۆمەڵگە جیاوازەکاندا، بریتییە لە دامەزراوەی خێزان کە تیایدا تاك جگە لە زانیارییە سەرەتاییەکان، فێری هەڵسوکەت و شێوازی گفتوگۆ و بەهاو کلتورە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت و تاڕادەیەکیش هەر لێرەوە سەرەتاو بنەماکانی مەعریفەو پێبەستبوون(انتیماو)ی سیاسی و نەتەوەیی بۆ درووست دەبێت، کە بێگومان ئەمەش بەپێی جیاوازی ئاستی رۆشنبیری و کلتوری کۆمەڵگە جیاوازە، ڕاستییەکی بەڵگە نەویستە زۆربەی خێزانی کۆمەڵگە دواکەوتو و تازە گەشەسەندوەکان، پێبەستبوونی سیاسیان بۆ حزبێکی دیاریکراو هەیە، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئایدۆلۆجیاو بیروباوەری حزبی منداڵەکانیشیان دروستکردوە (الاسود، ١٩٨٦: ٢٦٤-٢٦٦).

دامەزراوەی خێزان لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا، هاوشێوەی کۆمەڵگەکانی دیکە، رۆڵی سەرەکی دەبینێت لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی تاکەکاندا، بەتایبەتیش پێبەست بوون یاخود رەتکردنەوەی حزبە سیاسیەکان لە لایەن خێزانەوە کاریگەری راستەوخۆ لەسەر منداڵا و تاکەکانی خێزان درووست دەکات، بە سەرنجدانێکی گشتی ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە لایەنگری و پێبەست بوونی زۆربەی تاکەکانی خێزانی کوردی بۆ حزبێکی سیاسی وەك میرات لە باوانەوە بۆیان ماوەتەوە، تەنانەت هەندێك جار بنەماڵەو خێڵێکی گەورە لەسەر هەمان رێچکەی سەرۆکی خێڵەکە پشتگیری و لایەنگری خۆیان بۆ حزبێکی سیاسی رادەگەیەنن، بەبێ ئەوەی هەڵسەنگاندنێکیان بۆ مێژوو و خەبات و ئەجندای کاری ئەو حزبە هەبێت، کە بێگومان ئەمەش بۆ رەتکردنەوەو نەیاربوونی حزبەکانیش هەر راستە، ئەمەش وایکردوە ململانێی نێوان حزبە سیاسیەکان زۆر بەئاسانی بۆ نێوخێزانەکان بگوازرێتەوە، چونکە لەلایەکەوە بەهۆی ئەوەی زۆرینەی خێزانەکان لایەنگر یان پێبەستبوونی سیاسیان بۆ حزبێکی دیاریکراو هەیە، لە کاتی

پەرە سەندنی ململانێ حزبییەکاندا، ململانێکان سرو شتێکی کۆمەڵایەتیان وەرگرتووەو شۆڕبونەتەوە بۆ نێو خێزان و کۆمەڵگە.

تەنـانەت زۆرجـار ئەم ململانێ حزبییە لەنـاوخودی خێزانێکـدا ڕەنگی داوەتەوەو بەوهۆیەشـەوە خێزانەکە بەئاڕاسـتەی داڕمان و هەڵوەشـانەوە هەنگاوی ناوە، لەئەنجامی پەرت بوونی خێزانەکانیشـدا پرۆسـەی پەروەردە و پێگەیاندن کەوتۆتە بەر مەترسیەکی گەورە، هەروەها ڕاستەوخۆش کاریگەری نەرێنی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی درووسـتکردووە(صـابر،٢٠١٧: ٢٠)، چونکە حزبە سـیاسـیەکان لە ڕێگەی بەیاننامەو ئەدەبیاتی حزبی و کلتوری سـیاسـیانەوە، تۆوی دووبەرەکی و بەدوژمنزانینی حزبەکانی دیکەیان لەنێو ئەندام و لایەنگرانیـان چـانـدووە کەئەمەش نەوە لەدوای نەوە لەڕێگەی خێزانەوە بۆ تـاکی کورد گوازراوەتەوە(حـاجی شەریف،٢٠٢٠: ٣٠٥).

لەلایەکی دیکەوە ململانێی نێوان حزبە سیا سیەکان لە پێناو دە سەڵات و بەرژەوەندی تایبەتدا، پەڕیوەتەوە بۆنێو خێزانەکان و کۆمەڵگا، چونکە تارادەیەکی زۆر لە ناخی تاکدا بەرژەوەندی تایبەتی، جێگەی بەرژەوەندیە گشـتی و نیشتیمانیەکانی گرتۆتەوە، لە سەر ئەو بنەمایە تاك پەروەردەکراو سیمای بەرژەوەندیخوازی بە سەرکە سێتی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا زاڵ بووە، ئەمەش وایکردووە، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و سۆزداری و خێزانیەکان لاوازبن و بەهاو ئاکارەکانی هاوکاری و ڕێزو خۆشـەویسـتی لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگا هەرەس بێنن، ئەمە لەکاتێکدایە کە کۆمەڵگەی کوردی بەکۆمەڵگەیەکی سوننەتی و خێڵەکی دادەنرێت، کە یەکێك لە خا سیەتە سەرەکییەکانی ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە پاراستن و پابەندبونیانە بە بەهاو پرەنسیپ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

هەروەها ململانێی سـیاسـی هۆکاری سـەرهەڵدانی قەیرانی سـیاسـی و ئابووریی بوون، کە کاریگەری نەرێنییان لەسـەر پێکهاتەی خێزان درووسـت کردووەو ئاسـایشـی ژیان و ئابوورییان کەوتۆتە مەترسـییەوە، هەربۆیە بەشـێکی زۆری دایکان و باوکان ململانێی حزبە سیاسیەکان بە هۆکاری ئەو قەیران ئابوورییە دەزانن کە ڕوبەڕووی خێزانەکانیان بووەتەوە، سـەرەڕای ئەوەی هۆکارێك بووە بۆ پەرتبوون و جیا بوونەوەی ژمارەیەك لە خێزانەکان، لەلایەکی دیکەوە بێکاری و هەژاری خێزانەکان وایکردوە کە نەتوانن توڕەیی و بێزاری خۆیان بەرامبەر بە حزبە سـیاسـیەکان لای منداڵەکانیان بشـارنەوە، بەڵکو بە ئاشـکرا نەفرەت لە خەبات و رابردوویان دەکەن، کە بێگومان هەموو ئەمانەش لەپەروەرەکردن و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سـیاسـی تاکەکانی خێزاندا ڕەنگدەداتەوەو دەرئەنجامی ئەمەش تاکێکی وابەستە نەبوو بە پرسە نشتیمانی و نەتەوەییەکان و خەمسارد و دڕدۆنگ بە پرۆسەی سیاسی، پێشکەش بە کۆمەڵگە دەکەن( شەریف، ٢٠٠٧: ١٦٤، ١٨٥). ئەمەش لەو را ستییەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەرکاتێك خێزان ئارام و تەندرو ست و سـەقامگیر نەبێت، ناتوانێت تاکێکی تەندروسـت و خاوەن بەهاو کلتوری جوانی وەك (ڕاسـتگۆیی، ئەمانەت پارێزی، هاوسـەنگی، نەرم و نیان ،...هتد) پێشـکەش بە کۆمەڵگا بکات، بەپێچەوانەشـەوە هەر کاتێك خێزان بارودۆخ وپێداویسـتیەکانی و ئاسـایشـی فەراهەم وپارێزراو بێت، هۆشـیاری ئایدۆلۆجی و سـیاسـی و بەرپرسـیارێتی بەرامبەر کۆمەڵگا زیاتر دەبێت(الحسن،٢٠٠٨: ٢٧٤-٢٧٥).

دامەزراوە پەروەردەییەکان، لەدوای خێزان رۆڵی تەواوکار دەبینن لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا، چونکە ئەم دەزگا پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییانە کەلە(قوتابخانە و زانکۆ) پێکدێن، ئەرکی پەروەردەکردن و هوشیاری،گەیاندنی کولتورو رەخساندنی هەلومەرجی گونجاو بۆ گەشەکردنی جەستەیی و هزری و کۆمەڵایەتی دەگرنە ئەستۆ (کاکەسوور،٢٠١٢: ٢٥)، هەربۆیە دامەزراوە پەروەردەییەکان بۆ ئەوەی رۆڵی سەرەکی ببینن لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا، پێویستە لەپاڵ پرۆسەی فێرکردن و بەکارهێنانی پرۆگرامی نوێ و هاوچەرخدا، پرۆگرامی پەروەردەیشیان هەبێت و بنەماو بەها پەسەندە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیەکان فێری قوتابیان و خوێندکاران بکەن، بۆ ئەوەی تاکێکی کۆمەڵایەتی و وشیارو خاوەن مەعریفەو زانست وبەرپرسیار بەرامبەر بەخودو خێزان و کۆمەڵگە و نیشتمان پێشکەشی کۆمەڵگە بکەن(الحسن،٢٠٠٨: ٢٦٨-٢٦٩).

پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە رێگەی کەناڵی دامەزراوە پەروەردەییەکانەوە سیماکانی کەسێتی تاك دیاری دەکەن، بەڵام وەك تێبینی دەکرێت لەهەرێمی کوردستاندا دامەزراوە پەروەردەییە کان بەهۆی کاریگەری ململانێ سیاسیەوە نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی درووست لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا رۆڵ ببینن، ئەم تێڕوانینەشمان لەو راستییەوە سەرچاوەی گرتووە کە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی تەواو سیاسیەو هەموو جومگەو رەهەندە کۆمەڵایە تی و ئابووری و پەروەردە ییەکان بەسیاسی کراون و تاڕادەیە کی زۆریش ئە نجامی نەرێنی لێکەوتۆتەوە(میران،٢٠١٠: ٣٠)، بەجۆرێك بەهۆی باڵادەستبوونی (ی.ن.ك)و(پ.د.ك) بەسەر هەردوو زۆنی سەوزو زەرددا، تاڕادەیەکی زۆر هەوڵیانداوە مێژوو خەباتی رابردووی حزبی خۆیان لە پرۆگرامی خوێندندا بچەسپێنن، ئەمەش وایکردووە کە ئایدۆلۆجیای حزبی لەناو پرۆسەی خوێندندا رەنگبداتەوەو دامەزراوە پەروەردەییەکان بە بەرگێکی حزبییەوە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی جێبەجێ بکەن(میران،٢٠١٠: ٤٦، ٩٢). لەلایەکی دیکەشەوە دوو حزبە سەرەکییەکەی کوردستان بەمافی خۆیان زانیوە کە پۆست و پایە زانستی و کارگێرییەکانی نێو قوتابخانەو زانکۆکان بۆ خۆیان قۆرخ بکەن، تەنانەت دامەزراندنی مامۆستاو فەرمانبەرانیش تارادەیەکی زۆر لەسەر بنەمای حزبی بووە نەك لێهاتویی و کارامەیی (صابر، ٢٠١٧: ٢٧).

لەژێر کاریگەری ململانێ سیاسی و دەستێوەردانی حزبی لە ناوەندەکانی خوێندن و زانکۆکاندا، کاریگەری لە سەر رەوشی خوێندن و دەوام و تەنانەت پرۆگرامی خوێندنیش هەبووە کەبێگومان هەموو ئەمانە کاریگەری نەرێنی لە سەر پرۆسەی پەروەردەو پێگەیاندن دروستکردوە و تاڕادەیەك خوێندن و خۆماندووکردن بەهای خۆی لەدەست داوە، سەرەڕای ئەوەش دەزگا پەروەردەییەکان نەیانتوانیوە هاوڵاتیەکی باش خاوەن مەعریفە و رۆشنبیری گشتی پێبگەیەنن کەلەگەڵ گۆڕانکاریی و بەرەو پێشەوەچوونی سەردەمدا بگونجێن (شەریف، ٢٠١٩: ٣٠٢).

سەرەڕای ئەوەش چەمك و زاراوەکانی خوێندنیش بە حزبی کراوە، بەجۆرێك هەریەکە لە حزبە سیاسیەکان چەمکێکی تایبەت و دیاریکراوی بۆ دامەزراوەکانی خوێندن داتاشیوە، لەوبارەیەوە (قوتابخانە، قوتابی) لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی(پ.د.ك)دا بەکاردەهێنرێت و هێمایە بۆ لایەنگرانی ئەو حزبە، لەبەرامبەریشدا (خوێندنگە، خوێندکار) لەسنوری زۆنی سەوزدا بەکاردەهێنرێت و هێمایە بۆ لایەنگرانی(ی.ن.ك)، لەهەمانکاتدا چەمکی (فێرخواز)لەلایەن

حزبە ئیسلامییەکانەوە بەکار دەهێنرێت(محمد، ٢٠١٩: ١٢٦)، هەربۆیە بەکارهێنانی هەموو ئەم چەمك زاراوانە مۆرکێکی سیاسیان وەرگرتووەو لە ئێستاشدا بەردەوامیان هەیە، تەنانەت لە دوای یەکگرتنەوەی روکەشانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ لایەکیان دەستبەرداری ئەو چەمکانە نەبوون، بەڵکو لە نوسراوە فەرمییەکانیشدا بەشێوەی لێکدراو چەمکی (قوتابی خوێندکار) بەکاردەهێندرێت.کە هەموو ئەمانەش سیمای دووفاقیان بۆ کەسێتی کوردد داتاشیوە.

سەرەڕای ئەو کۆ شـشانەی لە بواری باڵەخانەی قوتابخانە و زانکۆکاندا خەرجکراوە (بنیادنان، نۆژەنکردنەوە) بەڵام هێ شتا کەموکوڕی هەیە،کەبێگومان هۆکاری ئەمەش بۆ ململانێی سیا سی نێوان حزبەکان ودابە شکردنی دە سەڵات و کولتور وسەرچاوە دارایی و سروشتییەکان لەنێوان حزبەکاندا لەهەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە، دۆخێکی وەهای رەخساندووە کە بەرەوپێشبردن و دابینکردنی بوجەی پێویست بۆ کەرتی پەروەوەردەو فێرکردن نەبێتە کاری لەپێشینەی حزبە دەسەڵاتدارەکان، بەتایبەتیش تاکو ئێستا ژمارەیەك لە قوتابخانەکان لە خانوی کرێدان و زۆرینەشیان لەگەڵا ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیانی تێدایە کە لەگەڵا مەرج و ستانداردی جیهانیدا ناگونجێت، لەهەمان کاتدا زیاتر لە دەوامێکیان تێدایە(شریف، ٢٠١٩: ٢٩٧)، سەرەڕای مانەوەی بابەت و پڕۆگرامەکان بە تیۆری و زمینە سازی بۆ خوێندنی پراکتیکی نەکراوە، هەموو ئەمانەش وایکردووە کە ژێرخانی پەروەردەیی و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی لەرێگەی پرۆگرامی مۆدێرن و کردنەوەی خولی راهێنان بۆ مامۆستایان لە ئاست پێویستدا نەبێت، ئەمەش لەکاتێکدایە کە زەمینەیەکی لەبار بۆ کردنەوەی قوتابخانەو زانکۆ ناحکومییەکان (ئەهلی) رەخساوە، کە بەشی هەرەزۆریان لەلایەن بەرپرسە حزبیەکانەوە دامەزرێنراون و زەوی و بودجەی گشتیان بۆ دابین کراوە، کە بەبڕوای هەندێك لە شارەزایان کردنەوەی قوتابخانەو زانکۆ ناحکومییەکان، بونەتە هۆی زەقکردنەوەی جیاوازی چینایەتی و نایەکسانی فەرامۆشکردنی زمانی کوردی. (شەریف، ٢٠١٩: ٢٩٨)

هەروە ها کاریگەری ململانێی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی عێراق و ململانێی نێوان دوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی هەرێم لەسەر جیاوگی دارایی و پێداگرییان لەسەر ئابووری سەربەخۆ، دۆخی ئابووری کۆمەڵگای کوردییان بە ئاراستەی دارمان بردووەو بەو هۆیەشەوە لەساڵێکدا مامۆستایان و فەرمانبەران بە لێبڕین و پاشەکەوتیشەوە تەنها چەند موچەیەك وەردەگرن، ئەمەش وایکردوە ناوەناوە بایکۆتی پرۆسەی خوێندن بکرێت، لەچەند روویەکەوە زیانی بە پرۆسەی خوێندن گەیاندوە، لەلایەکەوە قوتابیان ماوەیەکی زۆری کاتی خوێندنیان بەفیرۆ دەڕوات و قەرەبوو ناکرێتەوە، لەلاییەکی دیکەشەوە بەشێك لە مامۆستایان بە مەبەستی بەدەستهێنانی بژێوی ژیان پەنا بۆ کارێك دەبەن، تەواو لەگەڵ پسپۆڕییەکەیان دوورە، ئەمەش وادەکات مامۆستایان لە ژینگەی پەروەردەیی و زانستییەوە دووربکەونەوە، خودی مامۆستاش ناتوانێت قوتابی خوێندکار لەسەر بنەمای خۆشەویستی و وەفاداری بۆ خاك و نیشتمان پێبگەیەنێت. بەرمەبنای ئەو واقعە پەروەردەییەی کوردستان، ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت، دەزگا پەروەردەییەکان وەك دەزگایەکی سەرەکی لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی بەهۆی ململانێی سیاسیەوە، نەیانتوانیوە بە ئەرکی خۆیان هەڵبستن و تاکێکی هوشیارو خاوەن بەهای نەتەوەیی و بەرپرسیار بەرامبەر بە خاك و کۆمەڵگا بەرهەم بێنێت، چونکە بە بڕوای هەندێك لە شارەزایان خودی دامەزراوەکە خۆی لە قەیراندایە.

هاوكات دامەزراوە ئاینییەكانیش، وەك سەرچاوەیەكی تری گرنگی پرۆسەی پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی سیاسی، رۆڵی سەرەكی لە پرۆسەی پەروەردەیی و رێكخستنی كۆمەڵگەدا دەبینن،چونكە بنەماكانی رەفتار فێری تاك دەكەن، بێگومان ئەو بنەماو بەهایانە بە شێوەیەكی گشتی لە هەموو ئاینەكاندا هەن و ناوەرۆكەكانیان بریتین لە دوركەوتنەوە لە كاری خراپە ودەستگرتن بە كاری چاكەوە(كاكە سور، ٢٠٠٤: ٢٧). لەوبارەیەوە مزگەوتەكان لە دوای بڵاوبونەوەی ئاینی ئیسلام و بەتایبەتیش لەسەردەمی خەلافەتی ئومەوی و عەباسیەكانەوە تاكو ئێستا، جگە لەوەی وەك شوێنێكی پیرۆزی خوداپەرستی و بانگەوازی كاری چاكەو دووركەوتنەوە لە خراپەكاری بەكارهاتووە، لەهەمانكاتدا وەك ناوەندو دەزگایەكی سیاسی و كۆمەڵایەتی و زانستی بەكارهێنراوەو زۆربەی بڕیارە سیاسیەكان لە مزگەوتدا تاوتوێكراون و پاشان هەرلەوێ بڕیاریان لەسەردراوە، جگەلەوەش مزگەوتەكان لە جیهانی ئیسلامیدا رۆڵی دامەزراوەیەكی گرنگی فێركاری و پەروەردەییان بینیوە نمونەی باڵای بایەخی پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی سیاسی زانستی بوون لە رابردوودا(سازانی، ٢٠٢٠: /http://www.quran-kurd.com).

بێگو مان مزگەوت و دامەزراوە ئاینییە كانی نێو كۆمەڵگەی كوردی لە هەرێمی كوردستا ندا لەو رۆڵە گەورەیە بێبەش نین و رۆڵی سەرەكییان هەبووە لە پێگەیاندن و پەروەردەكردنی تاكەكانی كۆمەڵگەو چەسپاندنی پرەنسیپەكانی ئاینی ئیسلام و زانست و بەها رەسەنەكانی كۆمەڵگەی كوردی و جۆشدانی گیانی نیشتیمان پەروەری و تەنانەت رەواییدان بە ئەنجامدانی شۆڕش و راپەرین لە دژی زاڵم و داگیركەر، بەتایبەتیش لەسەروبەندی راپەڕینی بەهاری١٩٩١ دا یەكەمین بانگەوازی ئەنجامدانی شۆڕش لەدژی حكومەتی بەعس، لە مزگەوتی گەورەی شاری رانییەوە راگەیەنراوە(پەیسەر، ٢٠١٩: https://www.peyserpress.com/detail/1545)، بەڵام لەگەڵ هەموو ئە مانەشدا، لەژێر كاریگەری ململانێكاندا هەندێك جار ئاین و مزگەوت لەلایەن حزبە ئیسلامییەكانەوە وەك ئامرازێك بەكار هێنراوە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە ئابوری و سیاسیەكانیان(صابر، ٢٠١٧: ٢٢)، بێگومان ئەمەش كاریگەری نەرێنی لەسەر خودی ئاینەكەو تێڕوانینی بەشێك لە تاكەكانی كۆمەڵگە بۆ بنەما سەرەكییەكانی ئاین دروست كردووە.

لەلایەكی دیكەوە حزبە عەلمانییەكانیش بۆ یەكلایی كردنەوەی ململانێكانیان و كۆنترۆڵكردنی رەو شی سیا سی و ئاسایش، پەنایان بۆ بەكارهێنانی ئاین و مزگەوت بردووە، لەوبارەیەشەوە هەوڵیانداوە وتاری رۆژانی هەینی سانسۆرو كۆنترۆڵ بكەن، تەنانەت لە كاتی ئاڵۆزی و پەرەسەندنی ململانێكانیاندا، سودیان لە فتوای مەلاكان و لیژنەی باڵای فتوای ئاینی وەرگرتووە، لەو بارەیەوە لەسەروبەندی ناڕەزایەتیەكانی خەڵكی كوردستان بەرامبەر بە نادادپەروەری و گەندەڵی، بەرپرسەباڵاكان بەئاشكرا داوایان لە پیاوانی ئاینی كردووە لە وتارەكانیاندا ئامۆژگاری خەڵكی ناڕازی بكەن كە بەرگەی بارودۆخی قەیرانی ئابووری بگرن و خۆ یان بەدووربگرن لە تو ندوتیژی و دژایەتی دەسەڵات(یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان ،٢٠١٥: http://www.zanayan.org)، ئەم شێوازە هەڵسوكەوتەش هاوتەریبە لەگەڵا رەفتاری سوڵتانەكانی عوسمانی كە كۆمەڵناسی عێراقی عەلی وەردی لە كتێبی (واعیزەكانی سوڵتاندا) ئاماژەی پێكردووە كە چۆن بەمەبەستی پەردەپۆشكردنی نادادپەروەری و ستەمكارییكانیان پەنایان بۆ زانایانی ئاینی بردووەو



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

هەندێكیشـیان دەقە قورئانی و حەدیسـەكانیان لە بەرژەوەندی دەسـەڵتداران بۆ هاوڵتیان شـرۆڤە كردووە(ئەحمەد، ٢٠١٧: ٦٥-٦٦).

هاوكات هەندێك جار هەژمووونی حزب لەســەر لیژنەكانی فتوای ئاینی گەیشــتووەتە رادەیەك كە لە دیاریكردنی یەكەمین رۆژی جەژنەكانیشـدا رەنگیداوەتەوە، بەجۆرێك كە هەندێكجار بەهۆی باڵادەسـتبوونی پارتی و یەكێتییەوە، شــارەكانی هەولێر و ســلێمانی بەجیا جەژنیان كردووەو پابەندی فتوای ئاینی یەكتری نەبوون (محمد، ٢٠١٩: ١٢٧). كە بێگومان هەموو ئەمانەش هۆكاربوون كە ڕۆڵی ئاین لەچوارچێوەی پرۆســەی پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی بەبەراورد بە قۆناغەكانی رابردوو لاواز ببێت و تاڕادەیەك نەتوانێت كاریگەرییەكی ئەرێنی لە سەر تاك دروستبكات ،بەمەش سیمای پابەند نەبوون بە بنەمای ئاینیەوە لەكەسێتی بەشێك لە تاكەكانی كۆمەڵگەی كوردیدا دەركەوتوە.

راگەیاندن، یەكێكی دیكەیە لەو ئامرازانەی كە لە پرۆســەی پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی و پێكهێنانی ســیماكانی كەسێتیدا ڕۆڵ دەبینێت، ڕەفتار و بەها و ئاراستە و پرنسیپەكان و لەناخی تاكدا دەچێنێت. لەدروستكردنی رای گشی و هۆشــیاریدا ڕۆڵی بەرچاوی هەیە،بە تایبەتیش لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەهۆی پێشــكەوتنی تەكنەلۆجیای زانیاری فراوانبوونی تۆڕەكانی پەیوەندیكردنەوە كاریگەرییەكەی زیاتربووەو لەتوانایدا هەیە لە ماوەیەكی دوورمەودادا گۆڕانكاری لە هوشیاری و بیروبۆچوون و هەڵوێست و ئاڕاستە كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایدۆلۆجییەكانی تاكەكانی كۆمەڵگا بكات و ســیمای نەتەوەیی و نیشــتمانی و بەرزڕاگرتنی بەهاكان لە كەســێتی تاكدا بچێنێت، كە بێگومان پێچەوانەكەشی هەر راستە(حسن، ٢٠٠٨: ٢٧١-٢٧٢).

ژینگەی راگەیاندن لە هەرێمی كوردستاندا لە رووی ئامرازو پێداویستییەكانییەوە بەدەرنییە لە ژینگەی راگەیاندنی جیهان، بەڵام پێویســتە ئەو راســتییە لەبەرچاو بگرین كە راگەیاندنی كوردی لەســەرجەم قۆناغ و وێســتگەكانیدا دەرهاویشـتەی ئەو سیسـتەم و دەسـەڵاتەیە كە تیایدا گەشـەی كردووە، بەتایبەتی لە دوای راپەڕین راگەیاندنەكان لە رووی چەندێتییەوە ژمارەیان زیادی كردووە، بەهۆی كاریگەری ململانێ سیاسیەوە ئایدۆلۆجیای حزبی بەسەریاندا زاڵ بووەو بە ئاشكرا حزبە سیاسیەكان بۆ بانگەشەو بازاری سیاسی خۆیان بەكاریان هێناوە نەك بۆ گەشەپێدانی هوشیاری و مرۆیی تاكەكانی كۆمەڵگا(صابر،٢٠١٧: ٣٠) ، بەتایبەتیش لەسـەروبەندی پەرەسـەندنی ململانێكان و شـەڕی ناوخۆدا، راگەیاندنەكان هۆكارێكی ســەرەكی بوون بۆ ئاڵۆزتركردنی بارودۆخەكەو تۆخكردنەوەی ســیمای تۆڵە و توندوتیژی و توندڕەوی لەكەسێتی تاكەكانی كۆمەڵگەی كوردیدا.

پاشــان بەهۆی پەرەســەندنی راگەیاندنی ســێبەرو ئەلكترۆنییەوە، ژینگەی راگەیاندن بووەتە ئامرازێكی بەهێزی ململانێی نێوان حزب و كەسێتیە سیاسیەكان، بەجۆرێك ئەگەر لایەنە ململانێكارەكان نەتوانن راستەوخۆو بە ئاشكرا رووبەڕوو ململانێی یەكتربكەن، ئەوا لە ڕێگەی راگەیاندنی ســێبەرو ســۆشــیال میدیاوە دژایەتی یەكتری دەكەن و هەواڵی ناراســت و بێبنەما بڵاو دەكەنەوە هەوڵی چەواشــەكردن و بەلاڕێدابردنی ڕای گشــتی دەدەن. جگە لەوەش هەندێك جار بەرپرســە ســیاســیەكان لە ڕێگەی وتارو بڵاوكراوە توندو زبرەكانیانەوە كە لە ئەنجامی ململانێی

حزبایەتییەوە ســەرچاوەیان گرتووە، دۆخی ناســە قامگیررو شــڵەژانی کۆمەڵایەتی بەرهەم دەهێنن و بەهۆیەوە ئاسایشی خێزان و کۆمەڵگە تێکدەدەن.

بەشێوەیەکی گشتی تاکی کورد لە هەرێمی کوردستان، کەوتوەتە نێوان دوو جۆر راگەیاندنی جیاوازەوە، یەکێکیان راگەیاندنی حزبی و سێبەرە کە بۆ بەرژەوەندی حزب و پێداهەڵدان بەدە سەڵات بەکارهێنراوە، ژینگەیەکی راگەیاندنی ئاڵۆزو چەواشــەکارییان لە هەرێمی کوردســتاندا رەخســاندووە(عومەر، ٢٠٢١: ٣٠-٣٤)، ســیمای (پاشــکۆ) گوێڕایەڵی بۆ کەســێتی تاکی کورد بەرهەمهێناوە، لەلایەکی دیکەوە حزبە دەســەڵاتدارەکان چەندین کەناڵی بینراو بیســتراویان دروســتکردووە بۆ لەبیربردنەوەی قەیرانەکان کە ململانێی ســیاســی دروســتی کردوە تێدا بە شــێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژاو کولتورو بەهاو داب و نەریتی کۆمەڵگە جیاوازەکان بۆ کۆمەڵگەی کوردی دەگوازرێتەوە کە بێگومان ئەویش بۆتە هۆی تێکچوونی شــیرازەی خێزان و بەها و پێوەرە ڕەســەنەکانی کۆمەڵگەی کوردی. دووەمیشــیان راگەیاندنی ئۆپۆزسیۆن و نیمچە سەربەخۆیە لە دژی دە سەڵات کاردەکات و کەم و کورتییەکانی حکومەت دەخاتەڕوو، سەرەڕای ئەوەی تارادەیەکی باش بوونەتە دەنگ و ڕەنگی خەڵکی بەشخوراو پاڵەپەستۆیان خستۆتە سەر حزبە دەسەڵاتدارەکان تا بەخۆیاندا بچنەوەو هەوڵی چاکسازی بدەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خستنەڕووی ئەو واقعە تاڵە و بەردەوامی قەیران و نە بوونی چارەســەر و چەق بەســتوویی دۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵك و بێمنەتی حزبەکان، ســیمای بێزاری ولاوازی پێبەستبوونی هاوڵاتیانی بۆ سیاسەت وپرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بۆ کەسێتی کورد دروستکردوە (قادر، ٢٠٠٧: ٢٦٧).

حزبی ســیاســی، یەکێکە لەو دامەزراوە گرنگانەی لەرێگەی ئەنجامدانی ئەرکە ســەرەکییەکانییەوە بەشــداری لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسیدا دەکات و شوێنەوار لەسەر سیماکانی کەسێتی تاك جێدەهێڵێت، پێویستە ئەو ڕاستیەش لەبەرچاو بگیرێت ، ئەرکی حزبە سیاسیەکان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی تر بەپێی ئاستی هۆشیاری و پێشــکەوتویی کۆمەڵگەکەو پێگەیان لە ژیانی ســیاســیدا جیاوازە. بەجۆرێك ئەرکی حزبی ســیاســی لەســیســتەمی دیموکراسیدا جیاوازە وەك لە سیستەمی دیکتاتۆری، جگەلەوەش ئەرکی حزبێك لە نێو دەسەڵاتدا جیاوازە لەحزبێکی بەرهەڵستکار، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت ئەرکی حزبی سیاسی بۆ دووجۆری سەرەکی دابەش بکەین، لەوانە ئەرکە گشــتییەکان کە پەیوەســتن بە هەموو حزبێکی ســیاســی کە خۆیان لە چەند ئەرکێکی وەك(ئەرکی هەڵبژاردن و ئاڕاســتەکردنی دامودەزگای ســیاســی، درووســتکردنی رای گشــتی و پەیوەندی ســیاســی لەنێوان حزب و هاوڵاتیدا، پێگەیاندنی کادری ســیاســی، ئامادەکردن و پێگەیاندنی پاڵێوراوان بۆ پۆســتە حزبی و حکومییەکان، ڕێکخســتن و هە ماهەنگیکردنی کاری هەڵبژاردنە کان)دا دەبنەوە، ئەرکی دووەمیشــیان بریتییە لە ئەرکە پەروەردەییە کانی وەك (ئاگادارکردنەوەو وشیارکردنەوەی جەماوەر، فێرکردن و بەشدارپێکردنی سیاسی ئەندام و لایەنگرانی حزب بە فکرو ئایدۆلۆجیای حزبەکە، ئاوێتەبوونی ســیاســی) کە بەهۆیەوە حزب دەتوانێت لە رێگەی ئەرکە پەروەردەییەکانەوە سەرنجی خەڵك بەلای خۆیدا رابکێشێت(نەقیب زادە،١٩٩٩: ٦١-٦٤).

سـەبارەت بە ئەرکی حزبە سـیاسـیەکانی هەرێمی کوردسـتان، دەکرێت ئاماژە بەو راسـتییە بکەین، کە تاڕادەیەك حزبە سـیاسـیەکان ئەرکە گشـتی و پەروەردەییەکانیان ئەنجامداوە، بەڵام لەبەرئەوەی حزبە کوردییەکان لەهەناوی واقعی سیا سی- کۆمەڵایەتی – ئابووری- رۆ شنبیری کۆمەڵگەی کوردییەوە سەرچاوەیان گرتووە، نەیانتوانیوە بەپێی پرەنسـیپ و پێوەرەکان ئەرکە حزبیەکانیان جێ بەجێ بکەن، بەتایبەتی نەیانتوانیوە ببنە ئەڵقەی پەیوەندی لەنێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و تاڕادەیەك لە پرۆسەی وشیاری هاوڵاتیانیشدا، سەرکەوتوو نەبوون.

لەلایەکی دیکەوە بە سەرنجدانێکی گشتی لە ئەزموون و رەفتارو شێوازی حوکمڕانی حزبە سیا سیەکانی هەرێمی کوردسـتان، بەهۆی بەردەوامی ململانێی ناتەندروسـتی نێوانیان و چۆنێتی بەرێوەبردنی دەسـەڵات، دەگەینە ئەو بڕوایەی کە حزب هێندەی ئامانجی گەیشـتن بووە بە پۆسـت و پایەکانی دەسـەڵات و حکومڕانی لە (هەرێم، بغداد)، ئەوەندە لەخەمی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا نەبوون، تەنانەت بە بڕوای توێژەران خۆیان خولقێنەری قەیران وگرفتە هەمەجۆرەکانی کۆمەڵگابوون.(شەریف، ٢٠٠٧: ١٦٦)، جگە لەوەی هاوشێوەی حزبی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان مامەڵەیان کردووەو بەرژەوەندی حزبیی و بنەماڵیی و خێڵەکییان پێش بەرژەوەندی تاکەکانی کۆمەڵگە خسـتووە، بەتایبەتیش لەبە کاریزماکردنی سـەرکردەدا لە ژیانی سـیاسـی و کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبووە، سـەرەڕای هەموو ئەمانەش کۆی دامەزراوەو رەهەندە جۆربەجۆرەکانیان بەسـیاسـی کردووە، هاوکات لە جیاتی پێکهێنانی رای گشـتی، کاریان لەسـەر چەواشـەکاری کردووەو لەژێر کاریگەری ململانێکانیشـیاندا زەمینەیان بۆ گەندەڵی و ناشـەفافیەت و قۆرخکردنی سـەرچاوەکانی داهات و نادادپەروەری و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و زەقکردنەوەی دیاردەی جیاوازی چینایەتی رەخسـاندووە(حەسـەن، حەسـەن، ٢٠٢٠: ١٧-٢٠). سـەرەڕای ئەمانەش بەشـدار نەبوون لە درووسـتکردن و بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگاو دەسـەڵات و هۆشـیارکردنەوەی تاك لەبەرامبەر پرسـە نەتەوەیی و نیشتیمانی و کۆمەڵایەتییەکاندا(مەحمود، ٢٠٠٩: ١١٢-١١٥).

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی یەکێکی ترە لەو دامەزراوە سەرەکییانەی کە لەپرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سـیاسـی تاکدا رۆڵ دەبینێت، کە ڕایەڵێکی پێکەوە بەسـتراوە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە لەلایەك و لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەو دەوڵەت لەلایەکی تر، ئەم پەیوەندییەش لەسـە ربنەمای گۆڕینەوەی بەرژەوەندی و سـوودو ڕازیبوون و لێکتێگەیشـتن و جیاوازی ماف و ئەرك و بەرپرسـیارێتی و لێپرسـینەوەی دەوڵەت بیناکراوە. بەشـێوەیەکی گشـتی رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی خۆی لە ژمارەیەك گروپ و کەس و دامەزراوە دەبینێتەوەو کاردەکات بۆ گەشـەپێدانی توانای تاکەکانی کۆمەڵگا، بەبێ دەسـتێوەردان و کۆنترۆڵی دەوڵەت، خاڵی هاوبەشـی نێوانیان ئەوەیە کە لەدەرەوەی قەڵەمـڕەوی دەوڵەتـدان و تـاڕادەیەك دووری نـێـوان خـۆیـان لەگەڵا حـکـومەت پـاراسـتـووە(رەفـیـق، ٢٠١٨: [http://penus.krd/index.php/ckb/2018](http://penus.krd/index.php/ckb/2018)). ئەرك و چالاکی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەپێی تایبەتمەندی و ئامانجی رێکخراوەکە بۆ چەند جۆرێکی جیاوازی وەك(خزمەتگوزاری، سـیاسـی، هزری، رۆشـنبیری، بەرگریکاری، پیشـەیی) پۆلێن دەکرێت، کە بەشـێوەیەکی خۆبەخشـانەو لەپێناو ئامنجێکی گشـتیدا کۆمەڵێك ئەرکی گرنگ دەگرنە ئەسـتۆ بەتایبەتی (چاودێریکردنی ئەدای دەسـەڵات، فراوانکردنی بەشـداریکردنی سـیاسـی، چەسـپاندنی بنەماکانی

دیموکراسی، بڵاوکردنەوەی وشیاری سیاسی و هزری، پێگەیاندنی سەرکردەی سیاسی، پارێزگاریکردن لەمافی مرۆڤ، پاراستنی ژینگەو ئاژەڵان، پاراستنی مافی پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان، بڵاوکردنەوەی بیری میانڕەوی، دژایەتی گەندەڵی..)(قادر، ٢٠٠٧: ٢٣٩-٢٤٧).

سەرەتای دەرکەوتنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ دوای راپەرین و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە، کە لەو قۆناغە بەدواوە بە مەبەستی پێشکەش کردنی هاوکاری مادی و مەعنەوی بە هاوڵاتیانی ناوچەکە، قورسایی چالاکییە مرۆییەکانیان لە هەرێمی کوردستان دەستپێکردووەو هەوڵیانداوە بۆشایی نێوان حکومەت و هاوڵاتی پڕبکەنەوە، چەندین خزمەتگوزاری و هاوکاری پێشکەش بەکەن ،بەڵام بەسەرنجدانێکی گشتی لە شێوازو ئامانج و کارو ئەجندای ئەم رێکخراوانە، دەگەینە ئەو بڕوایەی کە ئەم گروپ و رێکخراوانە نەیانتوانیوە بە شێوەیەکی دروووست بەکاری خۆیان هەستن و ببنە فشار لەسەر حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان، بەتایبەتی نەیانتوانیوە ببنە هێزێکی فشاری کاریگەر لەسەر چەسپاندن و پەرەپێدانی بنەماکانی مافی مرۆڤ ودیموکراتی ، لەهەمانکاتدا چالاکییەکانیان نەبۆتەهۆی کەمکردنەوەی دیاردەی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات(ئاژگەیی، ٢٠١٩: https://www.awene.com/article?no=3701&auther=1206). چونکە زۆرینەیان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە لایەن حزبە سیاسیەکانەوە دامەزرێنراون و بوجەیان بۆ دابین کراوەو ئەجندای ئەوان جێبەجێ دەکەن، ئەمەش وایکردووە کە ململانێ حزبە سیاسیەکان لە بونیادو سروشتی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا رەنگبداتەوە، سەربەخۆنەبوونی ئەم رێکخراوانەو مانەوەیان لە دۆخێکی چەقبەستوویی و چوارچێوەو سنورێکی تەسکی جوگرافی و سیاسیداو کەوتنە ژێر هەژمونی ئایدۆلۆجیای حزبی و بەرژەوەندی پەرستی، جگە لە زیاتر ئاڵۆزکردنی دۆخی کۆمەڵگەو بڵاوکردنەوەی نائومێدی و دڕدۆنگی و نەهامەتی و کاڵکردنەوەی ڕەگەزەکانی کلتور، نەیانتوانیوە سودێکی ئەوتۆ بەکۆمەڵگە بگەیەنن و کاربکەن بۆ گۆڕین و باشکردنی بارودۆخ و گەشەپێدانی تواناکانی هاوڵاتیان و چەسپاندنی بنەماکانی یموکراسی، بەڵکو بەپێچەوانەوە زۆرینەی ئەم رێکخراوانە خۆیان بوون بە بارگرانی بەسەر کۆمەڵگاوە (قادر، ٢٠٠٧: ٢٣٩-٢٤٧).

هەموو ئەمانەش دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستاندا بەهۆی پاشکۆیەتییان بۆ حزبە سیاسیەکان و رەنگدانەوەی ململانێی حزبەکان لە بونیادی ئەم رێکخراوانەدا، جگە لەوەی نەیانتوانیوە ببنە سەکۆیەك بۆ داکۆکیکردنی ماف و داواکاری چین و توێژەکان و دروووستکردنی فشار لەسەر دەسەڵات، لە هەمانکاتدا لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی تاکەکاندا شکستیان هێناوە .

لێرەدا دەگەینە ئەوەی، کە ململانێ سیاسیە ناوخۆییەکان لە هەرێمی کوردستان کاریگەری نەرێنیان لەسەر دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان جێهێشتوەو روبەروی شەق بوون بونەتەوەو ناتوانن وەکو پێویست بە ئەرکی سەرەکی خۆیان هەستن کە پرۆسەی پێگەیاندی کۆمەڵایەتی سیاسیە، ئەمە سەرەڕای ئەو گۆڕانکاریانەی کەلە کولتورو کولتوری سیاسیدا ڕویداوە چەندین سیمای کۆمەڵایەتی نوێیان بۆ کەسێتی کورد دروست کردوە کەتاڕادەیەك سیمای هاوبەشن



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

و زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگا تیایدا بەشـــدارن ئەوانیش وەکو وەکو(بێڕێزی،نەمانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، هەســـت بەپرسیارێتی نەکردن،نایەکسانی ،توندو تیژی، بەژەوەندی خوازی ،... هتد).

**سێهەم / کاریگەریی ململانێی سیاسی لەپێکهێنانی سیمای دەروونی لەکەسێتی کورددا**

هاوتەریب لەگەڵ کاریگەرییە فرە رەهەندەکانی ململانێ ســیاســی لەســـەر تاك و کۆمەڵگە، لایەنی دەروونی تاك یەکێکی دیکەیە لەو رەهەندانەی کە بەشـێوەیەکی هەسـتپێکراو شـوێنەواری ململانێ و ناسـەقامگیرییەکانی لەسـەر دەرکەوتووە(محمد،٢٠١٢: ١٤٤-١٤٥).

کۆمەڵگەی کوردیش بەوپێیەی بەدرێژایی چەنـدین ســـاڵ خـاك و نیشـــتمـانەکەی لەلایەن وڵاتـانی هەرێمی و نێودەوڵەتییەوە داگیرکراوە، دۆخێکی ناتەندروســـتی دەروونی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا بەگشـــتی دروســـت کردووە، بەجۆرێك تاکی کورد هەمیشــە ترســی لە پەلاماردان و کاولکاری و کوشـتن و گرتن ونەبوونی و قاتوقڕی هەبووە، ئەم دۆخەش لەگەڵ پەرەســەندنە ســیاســی و ســەربازییەکاندا هێندەی تر گەشــەی ســەندووە، بەتایبەتیش حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراق لە سـەرەتای دامەزراندنییەوە تاکو ئێسـتا لە هەوڵی سـەرکوتکردن و ژێردەسـتەکردنی نەتەوەی کورددابوون، بۆ ئەو مەبەســتەش ســیاســەتی (راوەدونان، جینۆســاید، ئەنفال، گرتن، ماڵ وێران کردن، راگواســتن، بەعەرەب کردن، پەرتکردن، بڕینی موچەو قوتی خەڵك، شـــێوا ندنی جوگرافیا....) یان بەرامبەر بە کۆمەڵگەی کوردی گرتۆتەبەر، دەرئەنجامی ئەم شێوازە مامەڵەکردنەش، سەرەڕای ئەوەی توانیویانە تۆوی تۆڵە سەندنەوەو شەرەنگێزی لە کەسێتی کورددا بچێنن، لەهەمانکاتدا بەهۆی نادڵنیایی و نائارامیەوە سیمای ترس وبەگومان و دڵەراوکێ و شڵەژان و هەسـتیارییان لە کەسـێتی تاکی کورددا چەسپاندووەو بەردەوام ترسێك لە نائاگاییاندا بوونی هەیە کە رووبەڕووی ئەو مەترسیانە ببنەوە، یان بە گومان بن لەبەرامبەر هەموو کەس و شتێك(قەرەچەتانی، ٢٠١٠: ٢٧٨-٢٧٩).

ململانێی سیا سی نێو حزبە کوردییەکانیش وەکو درێژکراوەو دەرئەنجامی ئەو بارودۆخەی کەلە پێشوودا با سکرا، چ لە ســـەردەمی خەباتی شـــاخ و چ لە دوای راپەڕین و لە یەکەمین ئەزموونی حکومڕانی کوردیدا، بەشـــێوەیەکی کـاریگەرتر زیـانیـان بە لایەنی دەروونی تـاکی کورد گەیـانـدووە، چونکە لەلایەکەوە کۆمەڵگەی کوردی بەئومێـدێکی گەورەو ئایندەیەکی گەشــەوە دەیڕوانییە خەبات و ئەزموونی دەســەڵاتدارێتی کوردی، بەڵام هەرزوو بەهۆی ململانێی بەرژەوە ندیخوازانەوە ئومێدی چە ندین ســـاڵەی کورد لەگۆڕنراو ئا مانجە باڵا کانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردیان شـکسـتپێهێنا (حاجی،٢٠١٨: ٣٧١-٣٧٢)، لەلایەکی دیکەوە شـاروشـارۆچکەکانی هەرێمی کوردسـتان لەنێوان ســـاڵانی (١٩٩٤-١٩٩٨) بوونە مەیدانی یەکلایی کردنەوەی ململانێ و شـــەڕی نێوخۆی نێوان حزبەکان، کە بەهۆیەوە چەندین کەس لە ئەندام و لایەنگری حزبە نەیارەکان بوونە قوربانی و بە سەدانیشیان بونەخاوەن پێداویستی تایبەت و چە ندانیش بێســـەرو شـــوێن بوون، ئەمەش وایکرد کە زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی شـــاهیدو بینەری تراژیدیای(کوشتن، ئەشکەنجەدان، تاڵانی، ڕاوەدوونان، خیانەت)ی هێزە کوردییەکان بن، کە بێگومان هەموو ئەمانەش لەڕووی دەروونییەوە زیانی گەورەی بە تاکی کورد گەیاندووەو هەموو ئەو دیاردە مەترسـیدارانە لە" نائاگایی جەمعی

و تاکی" خۆیدا تۆمارکردووەو بەســەر ڕەفتاری تاك و گشــتیدا زاڵبووەو نەوە لەدوای نەوە بۆ یەکتری دەگوازنەوە، بەمەش توانای خۆگونجاندنی تاکی لەگەڵ خود و دەوروبەردا کەمترکردۆتەوە

لەگەڵا هەموو ئەمانەشـدا بەردەوامی یەکترقبوڵ نەکردن و ململانێی نێوان حزبە سـیاسـیەکان شـۆڕبۆتەوە بۆناو تاکەکانی کۆمەڵگەو دۆخێکی دەروونی وای بۆ درووســـت کردوون کە تاڕادەیەکی زۆر ئاســـتی دانبەخۆداگرتن و لێبوردەیی لەنێوان هاوڵاتیە بێلایەن و ناسیاسیەکانیشدا کەمکردۆتەوە، بەجۆرێك زۆربەی تاکەکان بەرگەی بچوکترین ڕووبەڕووبونەوەی یەکتر ناگرن و بەوپەڕی توندڕەوی و هەڵچونەوە مامەڵە لەگەڵا یەکتر دەکەن (محمد، ٢٠١٩: ١٢٥).

سەرەڕای ئەوانەی کەلە سەرەوە با سکران بەهۆی بەردەوامی ململانێکانەوە سەرجەم پێداوی ستیە سەرەکیەکانی هاوڵاتیانیش لەبەردەم مەترسـیدابووە، بەوهۆیەوە تاکی کورد ڕووبەڕووی بێبەشـبوون و شـکسـت(احباط) بۆتەوەو توانای سەلماندن و ئەفراندنی خودیان لەدەستداوە، هەروەك دەرونزانی ئەمریکی (ئەبراهام ماسلۆ) پێداویستییەکانی مرۆڤی لە شـێوەی هەرەمێکداو بەپێی گرنگییان بۆ پێنج پێداویسـتی دابەشـکردووە، بەجۆرێك بنکەی هەرەمەکە بۆ پێداویســـتییە فســـیۆلۆجییەکان(ئاو، هەوا، خۆراك)تەرخان کردووە، پاشـــان دابینکردنی ئاســـایش و ئارامی دووەم پێداوی ستی پێکدەهێنێت و دوای ئەویش پێداوی ستی خۆ شەوی ستی و رێزگرتن و لە کۆتای شدا لە لوتکەی هەرەمەکە ســـەلما ندن یا بەدیهێ نانی خود(تحقیق ا لذاة)ە، کە خۆی لە قۆ ناغی داهێ نان و ئەفرا ندن و درووســـتی دەروونی دەبینێتەوە، بەڵام لە کۆمەڵگەی کورد یدا لەژێر کاریگەری ململانێ ســـیایە کا ندا ڕێژەیەکی زۆر لە تاکە کانی توا نای دابینکردنی پێداویســـتییە فســـیۆلۆجییەکانی خۆیان نییە، بەتایبەتیش خۆراك، جگە لەوەش بەهۆی ناســـەقامگیری سـیاسـی و ئابووری ناوچەکەشـەوە، ئارامی و ئاسـایشـی کۆمەڵگە پاریزراو نییەو تاکەکان لە ژیان و ئایندەی خۆیان دڵنیانین، لە بارودۆخێکی لەو شێوەیەدا مرۆڤ تەنها لەخەمی پەیداکردنی بژێوی و پێداوی ستییە سەرەتاییەکانی ژیان و ئاســـایش وســـەقامگیریدا دەبێت و ئیتر مەســـەلەی ئاکاری جوان و زانســـت و داهێنان و ڕۆشـــنبیری و ڕێزگرتن و خۆشـــەویســـتی و ســـەلما ندنی خود لەبواری دەروونی تا کدا گرنگیەکی نامێنێت و دەکەوێتە بارێکی دەروونی نائاساییەوە، بۆیە زۆرجار بەناچاری و بە ڕێگەی نائاسایی پێویستیەکانی تێردەکات (قەرەچەتانی، ٢٠١٠: ٢٧٨-٢٩١).

ســـەرەڕای ئەوەش تاکی کورد لەژینگەیەکی پڕقەیران و جیاوازی چینایەتیدا ژیاون، ئەمەش وایکردوە تاڕادەیەك خۆیان بە کەم و بەشـخوراوو بێدەسـەڵات بزانن، زۆربەشـیان هەسـت بەدڵنیایی و ئارامی ناکەن و ڕق و کینە بەسـەر سۆزو خۆشەویستی و هاوکاریدا زاڵبووە، ئەمەش وایکردوە تەنانەت لەخودی خۆشیان نامۆ بن.

هەموو ئەمانەش دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە ململانێ سـیاسـیەکانی باشـووری کوردسـتان بە درێژایی مێژوو بەشـێوەی بازنەیەکی خولاوە کاریگەری نەرێنییان لەسـەر دەروونی تاکەکان درووسـتکردووە، بەوهۆیەشـەوە چەندین سیمای وەك (دڵەڕاوکی، هەستیار بوون، نالێبوردەیی، دڵتەنگی، رەشبینی، بێ متمانەیی، شەرەنگێزی، خۆپەرست...هتد) لە کەسێتی کورددا دەرکەوتوە.

## باسی چوارهەم/ خستنە ڕووی دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیار

### یەکەم/ دەرئەنجام

١- ململانێ سیاسیە ناوخۆییەکان لە هەرێمی کوردستاندا کاریگەری نەرێنیان لەسەر دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان جێهێشتوە، کەبەهۆیەوە ئەم دامەزراوانە ناتوانن وەکو پێویست بە ئەرکی سەرەکی خۆیان هەستن کە پرۆسەی پێگەیاندی کۆمەڵایەتی سیاسیە، لەسەر ئەو بنەمایەش سیماکانی وەك تێکچوونی پەیوەندی، هەست بەرپرسیارێتی نەکردن، بەرژەوەندی خواز، نایەکسانی، نادادپەروەری، تونوتیژی کۆمەڵایەتی)لەکەسێتی کوریدا دەرکەوتوە.

٢- بەجیاوازی قۆناغە مێژووییەکان لە کوردستانی باشور گۆڕانکاری لە کولتوری سیاسی و کولتورو کۆدامەزراوەی بەهاکان ڕویداوە، بەوهۆیە شەوە چەندین سیمای کولتوری نوێ بۆ کە سێتی کورد درو ست بووە، کەتاڕادەیەك سیمای هاوبەشن و زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگە تیایدا بەشدارن ئەوانیش وەکو(پابەند نەبوون بە داب و نەریتەوە، پابەند نەبوونی ئاینی، لاوازبوونی ئینتمای نەتەوەی، خەمساردی سیاسی).

٣- ململانێی سیاسیەکانی باشووری کوردستان بە درێژایی سی ساڵی رابردوو بەشێوەی بازنەیەکی خولاوە کاریگەری نەرێنییان لەسەر تە ندروستی دەروونی تاکە کان دروستکردووەو نەوە لەدوای نەوە بۆ تاکی کورد گوازراوەتەوە، بەوهۆیەوە چەندین سیمای وەك(دڵەڕاوکێ، هەستیار بوون، نالێبوردەیی، دڵتەنگی، رەشبینی، بێ متمانە، شەرەنگێزی، خۆپەرست...هتد) بۆ کەسێتی کورد دروست کردووە.

### دووەم / ڕاسپاردە و پێشنیار:

لەسەر بنەمای ئەو دەرئەنجامانەی کە ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتوە، و لە پێناو بنیاتنانی کەسێتی و سیمایەکی بەهێز بۆ تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی پێویستمان بە پلان و بەرنامەی چاکسازی هەمە لایەن لەسەرجەم کایەکانی سیاسی کۆمەڵایەتی و ئابوری وکلتوری هەیە، هەربۆیە ئەم ڕاسپاردەو پێشنیارانە دەخەینە ڕوو:-

### ڕاسپاردە

١- پێویستە حزبە سیاسیەکان هەنگاو بەرەو ململانێیەکی دیموکراسی و دبلۆماسیانە بنێن و ڕێگەی گفتوگۆی زانستی ڕێکەوتن و دانوستان بەکاربهێنن لە پێناو بنیاتنانی تاك و کۆمەڵ و کۆمەڵگایەکی تەندروست.

٢- پێویستە حزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمی کوردستان(یەکێتی وپارتی) بە سنگێکی کراوەو فراوانەوە ،هەوڵ بۆڕیشەکێشکردنی کێشەو گرفتەکانی نێوانیان بدەن لە پێناو بنیادنانی داهاتوویەکی گەش و پرشنگدار بۆ هاوڵاتیانی کوردستان.

٣- پێویستە حزە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستاندا چیتر دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکار نەهێنن.

٤- پێویستە سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان هەوڵ بۆ چەسپاندنی سیستەمێکی دیموکراسی بکەن تاکو سیمای یەکسانی و دادپەروەری باڵ بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا بکێشێت .



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

٥- پێویستە حزبە سیاسیە دەسەڵاتدارەکان کار بۆ یەکخستنەوە و بەدامەزراوەیی کردنی هێزی سەربازی بکەن و تەنها بۆ بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان بەگشتی بەکار بهێنرێن نەك بۆ بەرژەوەندی حزبی.

٦- پێویستە چیتر دامەزراوە و پۆ ستەحکومیەکان بۆ بە بەدیهێنانی بەرژەوەندی تایبەت و حزبی و فراوانکردنی پێگەی جەماوەری بەکارنەهێنرێن.

٧- پێویستە لەپێناو زیندووکردنەوەی ئاکارو بەها و پێوەرە ڕەسەنەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا حزبەکوردییەکان ململانێی بەرژەوەندی خوازی خۆیان وەلا بنێن .

**پێشنیاز**

لەکۆتایی ئەم توێژینوزویەدا ئەم پێشنیارانەی خوارەوە دەخەینە ڕوو:-

١- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی مەیدانی لەسەر کاریگەری ململانێی سیاسی لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورد لە هەرێمی کوردستان.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی بەرفراوان دەربارەی کاریگەریی ململانێی حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان و دەسەڵاتی سیاسی لە بەرەو پێشەوە چوونی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستاندا.

٣- ئەنجا مدانی توێژینەوەیەکی بەراورد کاری لە نێوان کاریگەرییە کانی ململانێی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی و ململانێی نێوان حزبە سیاسیەکان لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددی لە باشوری کوردستاندا.


**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم / قورئانی پیرۆز**

١- القران الكريم، سورة (المائده اية٥٦،هود اية ١٧،مريم اية ٣٧،الكهف اية ١٢،المؤمنون اية ٥٣، الروم اية ٣٢، الاحزاب ايه٢٠ ،غافر ايه٣٠،٥،الزخرف ايه ٦٥،المجادله ايه ١٩،٢٢.

**دووەم/ سەرچاوە کوردییەکان**

٢- حاجی شەریف، شیلان، ناکۆکی و شەڕی ناوخۆیی پارتە سیا سیەکانی کورد ستانی با شور لە ساڵانی (١٩٧٥-١٩٩٣)، نامەی ماستەر بڵاوکراوە، چ١، بێ شوێن و ناوی چاپخانە، ٢٠٢٠.

٣- حە سەن، د.ئیحسان محمد، تیۆرە کۆمەڵایەتیە پێشکەوتوەکان توێژینەوەیەکی شیکاریی تیۆرە کۆمەڵایەتیە هاوچەرخەکانە،و.دیدار ئەبوزید، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، کوردستان_هەولێر، ٢٠١٠.

٤- حەسەن، محەمەد فەریق، تایبەتمەندی تاکی کورد ، چاپخانەی تاران، ٢٠٢٠.

٥- سدیق، فوئاد، قەیرانی کۆمەڵگەو حزبە سیا سیەکانی هەرێمی کورد ستان توێژینەوەیەکی تیۆری مەیدانیە لە هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپخانەکان، چ١، هەولێر،٢٠١٥.

٦- شاملۆ، د.سەعید، قوتابخانەو تیۆریەکانی دەروونزانی کەسایەتی، و.فرمێسك ڕزگار محەمەد،سیدۆ داود عەلی، چ٢، چاپخانەی گەنج،٢٠١٩.




***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

٧- صادق، سەروەر حەمە ئەحمەد، هەرێمی کوردستان لە هاوکێشە سیاسییە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵتیەکاندا، چ١، خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٨.

٨- عبدالخالق، مسعود، ناسنامەی حزبە کوردستانیەکان(ڕەوتیان –ئایدۆلۆژیان-هەڵسەنگاندنیان)، چ٢، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤.

٩- قادر، رزگار محمد، لە پێناو کوردستانێکی نوێدا، چاپخانەی منارە، چ١، هەوێر، ٢٠٠٧.

١٠- قانع، مەریوان وریا، کۆمەڵگاو غەریبەکانی، چ١، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەندێشە، ٢٠١٨.

١١- قەرەچە تانی، کەریم شەریف، نەخۆشی و گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتیە کان، چ٢، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠١٠.

١٢- میران، رەشاد، چەند بابەتێکی ئیتنۆ_ کۆمەڵایەتی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریان، ٢٠١٠.

١٣- مەحمود، ریبوار کریم، پارتە سیاسیەکان و رای گشتی، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلیمانی، ٢٠٠٩.

١٤- ئەحمەد، پشتیوان، پرسی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان و پەیوەندیەکانی لەگەڵ بەغداد، چ١، چاپخانەی زانا، ٢٠١٧.

١٥- ئەحمەد، جەبار قادر، کولتوور و سیاسەت(ڕەهەندەکانی گۆڕانی کولتوری لە سیستەمی سیاسیدا)، چ١، چاپخانەی پەنجەرە، ٢٠١٥.

١٦- ئەحمەد، سەروەر حەمە، ڕۆشنبیری سیاسی، چ١، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠١٩.

**سێیەم/ سەرچاوە عەرەبیەکان**

١٧- ابراهیم، ريكان، علم نفس الانسان الكردی، ط١، الزاكره للنشر و التوزيع، ٢٠١٤.

١٨- الاسود، صادق، علم الاجتماع السياسی اسسه وابعاده، طبعه بمطابع جامعه الموصل،١٩٨٦.

١٩- الحسن، احسان محمد، علم الاجتماع السياسی، ط٢، دار الوائل للنشر، ٢٠٠٥.

٢٠- حسين، محمد طه، الذات الكرديه مقاربات فينومينولوجيه نقديه، ط١، دار الزمان للطباعه والنشرو التوزيع، ٢٠١٦.

٢١- رشوان، د.حسين عبدالحميد احمد رشوان، الشخصيه دراسه فی علم الاجتماع النفسی، مركز الاسكندريه للكتاب، ٢٠٠٦.

٢٢- زايد، د.احمد، علم الاجتماع النظريات الكلاسيكيه و النقديه، ط٢،نهچه مصر للطباعه والنشر، ٢٠٠٩.

٢٣- عمر، د.معن خليل، نقد الفكر الاجتماعی المعاصر/دراسه تحليليه و نقديه، ط١،دار الافاق الجديده،بيروت، ١٩٨٢.

٢٤- القاسم، واخرون، مبادی علم النفس، ط١، دار صفاو للنشر و التوزيع- عمان، ٢٠٠١.

٢٥- القصبی ، د.عبدالغفار رشاد، التطور السياسی و التحول الديمقراطی /الكتاب الثانی الحراك السياسی واداره الصراع،ط ٢، مكتبه الاداب بالحرم الجامعی لجامعه القاهره، ٢٠٠٦.

٢٦- محمد، رســول مطلق، الكلفه الاجتماعيه للنزاع فى المجتمعات المازومه/ دراســه ميدانيه فى مدينه بغداد، (اطروح دكتورا منشوره)،ط١، دار مكتبه البصائر للطباعه والنشر والتوزيع، لبنان-بيروت، ٢٠١٢.

٢٧- الميلادى، د. عبد المنعم ، الشخصيه و سماتها،مؤسسه شباب الجامعه، الاسكندريه، ٢٠٠٦.

٢٨- النجار ، د.شێرزاد احمد، دراسات فى علم السياسه، مطبعه وزاره الثقافه، اربيل، ٢٠٠٤.

٢٩- الوردى، على، شخصيه الفرد العراقى، بحث فى نفسيه الشعب العراقى على ضوء علم الاجتماع الحديث، ط٢، منشورات دار ليلى،لندن، ٢٠٠١.

**چوارەم/ نامە و توێژینەوە زانکۆییەکان**

٣٠- شەریف، ڕۆزە عەبدوڵڵا، ڕەهەندەکانی ناسەقامگیری سیاسی لە هەرێمی کوردستانی عێراق/ توێژینەوەیەکی تیۆری شیکارییە، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێجی ئەدەبیات، بەشی کۆمەڵناسی،٢٠٠٧.

٣١- صابر، ڕۆژگار سـعدی، دەرهاویشـتە کۆمەڵایەتیەکانی ململانێی سـیاسـی لە هەرێمی کوردسـتان – عیراق/ توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شـاری هەولێر، (نامەی ماسـتەر بڵاونەکراوە)، زانکۆی سـەلاحەدین، کۆلێجی ئەدەبیات، بەشی کۆمەڵناسی، ٢٠١٧.

عبدالله، جلال أحمد، رەهەندەکانی نامۆبوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی گەنجان ، توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەبارەی نومونەیەك لە قوتابیانی زانکۆی سـەڵاحەدین-هەولێر، پێشـکەشـی بەشـی کۆمەڵناسـی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر کراوە وەك بەشێك لە ێداویستییەکانی پلەی ماستەر ، بڵاونەکراوە، ٢٠١٠.

٣٢- کاکە سور، نادیە عمر، بنەما کۆمەڵایەتی و کلتورییەکانی کەسایەتی کوردی/ توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە لە هەرێمی کوردستانی عیراق،(تێزی دکتورا بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێجی ئەدەبیات، بەشی کۆمەڵناسی، ٢٠١٢.

٣٣- محمد، فائز ابراهیم، ئەنۆمیی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر، تێزی دکتورا بڵاونەکراوە، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێجی ئەدەبیات، بەشی کۆمەڵناسی،٢٠١٩.

**پێنجەم/ لیستی گۆڤارەکان:**

٣٤- بەرزنجی، د.عەبدولحەمید، کەسایەتی مرۆڤی کورد، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە ٢٦،٢٠٠٠

٣٥- حوسـێن، محەمەد، سـەرچاوە داراییەکانی حزب لە عێراقدا، هۆکارێك بۆ ئاژاوەو ناسـەقامگیری سـیاسـی، گۆڤاری جۆرناڵ، ژ٤٤، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، ٢٠٢٠.

٣٦- شەمس، د.هێمن عەبدولحەمید، پۆلێنکردنی ئیدیۆم بە پێی تیوری سیماکان و و جۆرەکان کە سێتی ، گۆڤاری زانکۆی کۆیە ،ژمارە ٤٣،ساڵی ٢٠١٨.

٣٧- عومەر، هاوژین، دۆخی ژینگەی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردسـتاندا، جورناڵ، ژمارە ٥٦، ناوەندی کوردسـتان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، کانونی دووەم، ٢٠٢١.

٣٨- عەبدولا، فەرهاد حەسەن، بەشداری سیاسی و خۆپیشاندانەکانی هەرێمی کوردستان، جورنال، ژمارە٥٦، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، کانونی دووەم، ٢٠٢١.

٣٩- نەقیب زادە، ئەحمەد، رۆڵ و رەفتارو ئەرکی حزبەکان لە کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆدا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژ ١٢، ١٩٩٩.

**پێنجەم/ سەرچاوەی ئەلکترۆنی**

٤٠- قانع، مەریوان وریا، چی لە پیشت توندوتیژی دژ بە ژنانەوەیە لەم رۆکەی دونیای ئێمەدا ، ٢٠١٨ ، https://www.metroo.org/drejaWtar.aspx?NusarID=212&Jmare=633&fbclid=IwAR3V3xdSxwGuI8jgduSRZqiQWXCoQuXjfOhmEFb1_fQxtD13Uk75f_2ywws.

٤١- نەجمەدین، نیاز، قەیرانی دارایی حکومەتی هەرێم (٢٠١٣-٢٠١٤) دەروازەیەك بۆ دەرچوون، ٢٠١٤ -http://www.irdk.org/so/Rss_EventReader/3d2fc5a9-1b94-4627-9849. رێکەوتی وەرگرتنی زانیاری ٢٠٢١/٢/٢٠.

٤٢- سازانی، نا صح ابراهیم، رۆڵی مزگەوت لە ئیسلامدا، http://www.quran-kurd.com/site/node/3114 ، رێکەوتی وەرگرتنی زانیاری ٢٠٢١/٧/٢٧.

٤٣- رەفیق، ئاری، ئایا دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی دژ بەیەکن یان تەواوکەری یەکترن ، بەشی سێیەم، ٢٠١٨، http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/581-2018-09-02-18-56-38 ، رێکەوتی وەرگرتنی زانیاری ٢٠٢١/٦/٢٢.

٤٤- ئاژگەیی، شۆرش خالید، دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ٢٠١٩ ، https://www.awene.com/article?no=3701&auther=1206. رێکەوتی وەرگرتنی زانیاری٢٠٢١/٤/١٣.

٤٥- پەیسەر: رۆڵی مزگەوت لەنێوان ئامۆژگاری و سیاسەتدا، ٢٠١٩ ، https://www.peyserpress.com/detail/1545، رێکەوتی وەرگرتنی زانیاری ، ٢٠٢١/٧/١٢.

٤٦- یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، ٢٠١٥، رێکەوتی وەرگرتنی زانیاری ٢٠٢١/٧/٢٧، http://www.zanayan.org/t_detail.php?section=4&id=26429.